# جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیای نێوان ساڵانی ٢٠١١ – ٧ حوزیرانی ٢٠١٥
# "لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی"

پ. ی. د. سەفین جەلال فتح الله
زانکۆی کۆیە

م. ڕێبین ڕۆستەم ڕەسوڵ
وەزارەتی پەروەردە

**پێشەکی:**

زانستی جوگرافیا کە لەبنەڕەتدا بایەخ بە لێکۆلینەوە لە جیاوازی شوێنی دیاردەکان دەدات، لەهەمان کاتدا ئەم زانستە هەوڵی دۆزینەوەو شیکردنەوەی پێویست بۆ پەیوەندی دیاردە شوێنییە جیاوازەکان دەدات.

بە هۆکاری ئەوەی کە هەڵبژاردن دیاردەیەکی سیاسی خاوەن خاسیەت و سیفەتی شوێنە ( مکانیە) پێویستی بە لێکۆلینەوەیەی پەیوەندی شوێنەکانی دیاردەکەو دیاردە ژینگەیەکانی دەورووبەری هەیە ئەوەبابەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیای نێوان ساڵانی ٢٠١١ – ٢٠١٥ مان هەڵبژارد بۆ لێکۆلینەوە. چونکە زۆر لەپسپۆرانی جوگرافیای سیاسی پیان وایە لێکۆلینەوە لە جوگرافیای هەڵبژاردن بەتایبەتی لە ئەمرۆدا بۆتە پێویستیەکی سەردەمیانەو گرنگ، چونکە هەڵبژاردن ڕۆلی سەرەکی لە سەر ئاستی دەسەلآتە سیاسی و یاسایی و ئایدۆلوجییەکان.... دەبێت و هەر ئەم کردارەش کیشەکان بە هێوری دەگوازێتەوە بۆ گۆڕەپانی دەستوور. بۆیە لێکۆڵینەوەو باسکردن لەم بابەتە گرینگی و بایەخی خۆی هەیە.

ئامانجی توێژینەوەکەمان، دەرخستنی ئەم هۆکارانەیە کە کاریگەریان هەبووە لەسەر جیاوازی ئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی (٢٠١١-٢٠١٥)ی پەرلەمانی تورکیا، شیکردنەوەیان

ئەم بابەتە زۆر گرینگ و بایەخدارە، چونکە پەیوەندی هەیە بە گرینگترین ماف و ئەرکەکانی تاك و کۆی کۆمەڵگاو و شێوازی بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایی ولآت دیاری دەکات، لێرەشدا لە ڕێگای شیکردنەوەی جوگرافیانەی پرۆسەی هەڵبژاردن و، بەراوردکردنی بە هەمان پرۆسە لە دوو هەلبژاردنی جیادا، تێ دەگەین کە تورکیا لەکوێی پێشکەوتن و گەشە کردنی سیستەمی پەرلەمانی دایە، جگە لەمەش جوگرافیای هەڵبژاردن، نەك هەر بۆ ئێمەی کورد، بەڵکو لە تەواوی دوونیادا بابەتێکی نوێ یەو، زۆر دوور نیە وەك لقێك هاتۆتە ناو جوگرافیای سیاسیەوە، بۆیە توێژینەوەو لێکدانەوەی جوگرافی پرۆسەکانی هەڵبژاردن لە تورکیا و شوینەکانی تر ئەرکی سەرشانی توێژەرانی ئەم بوارەیە.

کێشەی لێکۆلینەوەکەش لەو گۆرانکارایانەوە سەرچاوەی گرتوە کە لە هەردوو هەلبژاردنی ساڵی ٢٠١١ و ٢٠١٥ پەرلەمانی تورکیا رویانداوە.

گریمانەکانی لێکۆلینەوەکە بریتیە لەو گۆرانکاریانەی لەنەخشەو ئەنجامی هەلبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیای ساڵی ٢٠١١ و ٢٠١٥ ڕوویانداوە کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆرانکاری لە ئاراستەی دەنگدەری تورکی ئەمەش بەهۆکاری گۆرانکاری لە هەڵویست و کرداری پارتەکانی تورکیا لەم ماوەیەدا. هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەخوازێت کە توێژەر میتۆدێك یان چەند میتۆدێکی زانستی پەیرەو بکات بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، لەم ڕوانگەیەوە ئێمە هەوڵماندا کە میتۆدی (شیکردنەوەو بەراوردکاری) لە توێژینەوەکەمان پەیڕەو بکەین، ئەم میتۆدەش خوازیار بوو کارەکەمان بەم شێوەیە ئەنجام بدەین:

- کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر هەلبژاردنەکان بەگشتی و لەتورکیا بەتایبەتی و، داتاو ژمارەی پێویست لەسەر هەردوو هەڵبژاردنەکە کەمەبەستمانە.

- نیشان دانی ئەم هۆکارو داتایانەو بەراورد کردنیان لەگەڵ شێوازی بەڕێوە چوونی هەڵبژاردنەکە، شیکردنەوەی کاریگەریەکان.

بۆ ئەوەی توێژینەوەکە ئامانجەکانی بپێکێت، ئەم لێکۆلینەوەیە لە چوار بەشی سەرەکی پێك دێت کەهەر بەشێك لەم بەشانە دابەشکراوە بۆ چەند باس و تەوەرە بەم شێوەیەی خوارەوە:

لەبەشی یەکەمدا ناساندنی چەمکەکان و شوێنی جوگرافی کراوە، بەشی دووەم تایبەتمەندی و پێکهاتەی دانیشتوانی خراوەتەروو، بەشی سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ مێژوو و ژیانی پەرلەمانی و بازنەکانی هەڵبژاردن، لەبەشی چوارەمدا باسی جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە نێوان (٢٠١١ – ٢٠١٥) و پارتە بەشداربوو و براوەکانی پەرلەمان کراوە، بەشی پێنجەمی ئەم لێکۆلینەوەیە باس لە ئایندەی کورد لەتورکیا و پەرلەمانی تورکیا دەکات.

**بەشی یەکەم: ناساندنی چەمکەکان و پێگەو شوێنی جوگرافی تورکیا:**

**باسی یەکەم : ناساندنی چەمکەکان**

بۆ ناساندنی هەڵبژاردن بەگشتی و جوگرافیای هەڵبژاردن بەتایبەتی، پێویست دەکات سەرەتا پێناسەی هەڵبژاردن بکەین‌و ئەم چەمك و دەستەواژانە شیبکرێتەوە و رونکردنەوەی بۆ بکرێت کە پەیوەستە بەم پرۆسەیەوە، بەلام بۆ ئەوەی سەرەتا بەڕوونی لە چەمکی هەڵبژاردن تێبگەین و پێناسەیەکی گونجاوی بۆبکەین، پێویستە لە سەرەتادا شارەزای چەمکی دیموکراتی بین، چونکە ئەم دوو دەستەواژەیە واتا( هەڵبژاردن‌و دیموکرتیەت) دوو چەمك‌و دەستەواژەی تەواوکەری یەکترن.

١- **چەمکی دیموکراسی:** لەبنەڕەتدا دەستەواژەیەکی یۆنانیە لەدوو برگە پێکهاتووە یەکەمیان (دیمۆ-Demo) کە بە مانای گەل دەێت، دووەمیان (کراتۆس -Kratos) مانای حوکم یان دەسەلات یا فەرمانڕەوایی دەگەیەنێت[1]. بەو واتایەی هەردو وشەکە بەیکەوە بەواتای دەسەلاتی گەل دێت. بۆیە سادەترین پێناسەی دیموکراسی بریتە لە فەرمان ڕەوای گەل بۆ گەل واتا هەموو دەسەڵاتەکانی جێ بەجێ کار و یاسادانان و دادوەری لە گەلەوە سەرچاوە دەگریت و هەڵدەقوڵێت.

هەندێکی تر پێیان وایە دیموکراسی بریتییە لە مامەڵەکردنی خەڵك یان گەل بەشێوەیەکی دادوەر و بەیەك شێواز بێ جیاوازی، بۆیە لێرەدا پێویستی ڕەچاوکردنی سیاسەتی دەوڵەت بە یەکسانی بە بنەماکانی دیموکراسی دادەنریت[2]. یا دیموکراسی بریتیە لە توانای هاوڵاتی بۆ بەشداری کردنی بە شێوەیەکی سەرپشك و ئازادانە لە بڕیارەکانی دەوڵەت لە هەموو بوارەکانی دا ئەمەش بە هەمان واتای حوکمی گەل لە رێگای ئەم حکومەتەی خۆی هەڵی دەبژێرێت، بۆیە حوکمەتەش بەگوێرەی ئیرادەو داواکاری ئەو کاردەکات[3].

(1) د.نعمان احمد الخطيب: الوجيزفى النظم السياسية، ط١، دار الثقافة للنشروالتوزيع، عمان، ١٩٩٩، ص٢٢٦.

(2) د.غازى كرم: النظم السياسية والقانون الدستورى، دراسة مقارنة للنظام الدستورى فى دولة الامارات العربية المتحدة، ط١، دار اثراء للنشر، عمان، ٢٠٠٨، ص٦٢.

(3) د.منذر الشاوي: الاقتراع السياسي، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠٠١، ص٥

دیموکراتیەت چەند جۆرو شێوازێکی هەیە لەوانە: دیموکراتیەتی ڕاستەوخۆ (المباشر)، بریتیە لەوشێوازەی تیایدا گەل ئەرکەکانی دەسەلاَت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەڕێوە دەبات لەم جۆر دیموکراتیەتدا گەل هەموو دەسەلاَتەکان بەڕێوە دەبات بە یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریەوە. بەلاَم دیموکراتیەتی نوێنەرایەتی (النیابیە)، ئەمەیان شێوەیەکە لەشێوەکانی دیموکراتیەت کەتیایدا گەل نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێت بۆئەوەی بەناوی ئەمەوە لەجیاتی ئەم پەیڕەوی دەسەلاَت بکەن.

دیموکراتیەتی نیمچە ڕاستەوخۆ یاخود هەندێك پێی دەڵێن نیوە ڕاستەوخۆش هەیە ، کە ئەمەیان جۆرێکە لەسیادەکردنی حوکم دەکەوێتە نێوان دیموکراتیەتی ڕاستەوخۆو دیموکراتیەتی نوێنەرایەتی کە تیایدا گەل دەزگایەك هەڵدەبژێرێت لەهەمان کاتدا هەندێ لەدەسەلاَتەکان بۆخۆی دەهێڵێتەوە، تیایدا خۆی بڕیاری گونجاو وەردەگرێت ئەگەر پێویستی کرد.

بۆیە دەکرێت بڵێین لەکاتێدا ئامانج لە دیموکراسی بریتییە لە بەشداری کردنی گەل لە دەسەلاَت و بریارەکانی دەسەلاَت دا، ئەوا هەڵبژاردن وەك پرۆسە بە هەموو وردەکاریەکانەوە بە ڕێگای سەرەکی جێ بەجێ کردنی دیموکراسی وپاراستنی مافەکانی گەل و تاکەکانی دێت .

پرەنسیپی هەڵبژاردن لە بنەڕەتدا لەم جۆرە دیاری کراوەیی دیموکراتیەتدا بەدی دەکرێت ،کەگەل سەرچاوەو خاوەنی دەسەلاَتە بەلاَم ناتوانێ خودی خۆی مومارەسەی ئەم دەسەلاَتە بکات بۆیە نوێنەر هەڵدەبژێرێت ئەم دەسەلاَتەی پێدەبەخشێت[٤]. بەم شێوەیە دەسەلاَت شەرعیەت لەگەلەوە وەردەگرێت ئەمەش ڕەوایی و دیموکراتیەتە کەمانای فەرمانڕەوایی گەل دەگەیەنن لەڕێگای هەڵبژاردن و دیاری کردنی نوێنەرانی خۆیەوە هەر دەسەلاَتێك لەم ڕێگایەوە نەهاتبێت مانای وایە دەسەلاَتێکی دیموکراتی نیەو ڕەوایەتی لەدەست دەدات.

٢- **چەمکی هەڵبژاردن:** هەڵبژاردن بریتیە لەو دیاری کردنەی دەنگدەران کەتیایدا چەند ئەندامێك دیاری دەکەن بۆئەوەی ببنە ئەندام لەئەنجومەنی کاتی نوێنەرایەتی و پەرلەماندا.

پرۆسەی هەڵبژاردن وەك پرۆسە چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە لەوانە: هەڵبژاردن بریتیە لەهەڵسانی گەل بۆدیاری کردنی ئەوکەسانەی کەبەناوی ئەمەوە دەسەلاَت بەڕێوە دەبەن[٥]. هەروەها دەتواندرێت پێناسە بکرێت بەوەی کە بریتیە: لەو دەسەلاَتەی یاسا دەیبەخشێ بەهەندێك لەو هاوولاَتیانەی دەزگای دەنگدەران پێکدەهێنن وئەوانەی بەشداری دەکەن لەژیانی سیاسیدا ڕاستەوخۆ یان لەڕێگای دیاری کردنی نوێنەرانەوە. یاخود پرۆسەی هەڵبژاردن ئامرازێکە بۆدروستکردنی دیاردەی سیاسی لەڕێگای دەنگدەرانەوە. لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین هەڵبژاردن بریتیە لەتاکە ئامرازی دیموکراتی بۆدیاری کردنی دەسەلاَت[٦].کە واتە پرۆسەی هەڵبژاردن بریتیە لەبەشداری کردنی ئەوهاوولاَتیانەی کەمەرجی بەشداری کردن دەیان گرێتەوە لەهەڵبژاردن و دیاری کردنی نوێنەرانی گەل لەودەوڵەتانەی کەپەیڕەوی سیستەمی دیموکراتی دەکەن.

بابەتی هەڵبژاردنیش ئەمرۆ بۆتۆتە بابەتێکی گرینگ و پڕ بایەخی ناو کایەی سیاسی و یاسایی و جوگرافی لەسەر تاسەری جیهان دا، بەتایبەت جوگرافیای هەڵبژاردن کە پەیوەستە بە دانیشتوان و شێوەو شێوازی ڕێکخستنیان و دابەش کردنیان بەسەر بازنەو ناوەندەکانی هەڵبژاردن و لێکۆڵینەوە لەم هۆکارە جوگرافیانەی کە

---

(٤) د.نعمان احمد الخطيب: مصدرالسابق، ص٢١٨.

(٥) د.منذر الشاوي: الاقتراع السياسي، مصدر سابق، ص٥.

(٦) خاموش عمر عبداللة، العلاقة بين الانتخابات والديموقراتية، ط١، مركز بحوث العلاقات، اربيل، ٢٠٠٩، ص١٠.

کاریگەریان هەیە لەسەر ڕێڕەوی هەڵبژاردنی دەنگ دەران و بەڕێوەچوونی پڕۆسەی هەڵبژاردن و ئاکام و ئەنجامەکانی. بابەتەکە پەیوەندییەکی ئۆرگانی بەهێزی هەیە لەگەڵ سیستەمی سیاسی بۆ بەڕێوەچوونی دەوڵەتەکان و هەرێمەکان، کێشانی نەخشەی سیاسی وولات بۆ ئەم مەبەستەش پشت دەبەستێت بە نەخشەی جوگرافی ئەم وولاتە لە هەموو بوارەکان دا، بەتایبەتی نەخشەی جوگرافی هەڵبژاردن، کە لەم نەخشەیەوە دەتواندرێت دابەش بوونی هاوولاتیان، ئاستی ڕۆشنبیریان، پێکهاتەکەیان، ئایین و مەزهەب، هەم ئایدیۆلۆژیاو بەرنامانەی شوێنی کەوتوون دیاری بکرێت کە سەرجەمیان کاریگەریان هەیە لەسەر پڕۆسەی هەڵبژاردن و بەڕێوەچوونی وولات. چونکە هەر هەڵبژاردنە ئامرازی دەستنیشانکردنی پاڵێوراوێك یان چەند پاڵێوراوێك لەلایەن دەنگدەرانەوە بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان یان سەرۆکایەتی ولات ئەمەش بە پێێ ی چەند ڕێو شوێنێکی یاسایی و دەستووری بەرێوە بچێت.

هەرچەندە هەڵبژاردن ئامرازێکی بەشداری سیاسی هاولاتیانو بنەمایەکی گرنگی دیموکراسیو یەکێکە لەمافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ، هەربۆیە بەلای (ڕۆبەرت داڵ)ەوە، هەڵبژاردن سەرەتایەك نیە بۆ دیموکراسی بەڵکو هەڵبژاردن لەچڵە پۆپەی دیموکراسیدایە کەدیارە مەبەستی (داڵ) هەڵبژاردنێکی دیموکراسیە[٧].

هەڵبژاردن ڕێگایەکی هونەریی کارایە، کەلەڕێگەوە گەل دەتوانێت بەشداری لە دەسەلاتی سیاسی بکات و بڕیارەکانی وا بگونجێنێت کە لەگەڵ ئارەزوو پێداویستیەکانی یەك دەگرێتەوە. یا بریتیە لەو شێوازە هونەریەیە کە لە ڕێگاوە ئەو کەسانە هەڵدەبژێرین و دیاری دەکرێن کە ئەرکی دارشتن و دەرکردنی بڕیار و یاساو دانانی نەخشەی سیاسی گشتی دەوڵەتیان دەکەوێتە ئەستۆ، جا ئەو ڕێگاو شێوازەی دەنگدەران پاڵێوراوانیان تێدا هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەوەی لە پەرلەمان نوێنەرایەتیان بکات پێی دەوترێت سیستەمی هەڵبژاردن[٨].

هەڵبژاردنیش بە یەکێك لە شێوازە گرینگەکانی وەرگرتنی دەسەلات بە شێوەیەکی شارستانی بەبێ هیچ گرژی و ئالۆزیەك. یان هەڵبژاردن ئامرازێکە لە ڕێیەوە بە بێ هیچ کێشەیەك شەرعیتی دەسەلاتداریەتی یان حوکمرانی لەلایەنیك یان حزبێك دەستێندرێتەوە و دەدرێتە لایەنێکی تر، بۆیە دەوترێت هەڵبژاردن بریتیە لەو رێگا دیموکراسیەی دەسەلاتی تیدا دەدرێت بە لایەنێك سەرکەوتن بەدەست دێنێت واتا زۆرترین دەنگ متمانەی پێدەدات و هەڵیدەبژێرێت، بە شێوە و مانای گشتیەکەشی هەڵبژاردن بریتیە لەو مافای کە هاولاتیان لە چوارچێوەی دەولتدا هەیانە (بە گوێرەی یاسا ڕێکخراوە) بۆ دەست نیشان کردن و هەڵبژاردنی ئەو کەسەی بەنوێنەرایەتی ئەو قسە دەکات جا چ تاکەکەس بێت یان بە کۆمەڵ. لە پەرلەمانی دەوڵەتدا، ئەمەش لە ڕێگای پرۆسەو یاسایەکی تایبەت بە یاسای هەڵبژاردن ناودەبردرێت. دواتر هەموو دەنگە بەدەست هاتوەکان دەکرێت بە کورسی تەرخان کراو بۆ پارت و کەسەبراوەکانی پرۆسەکە .

لێرەدا گەر بەگشتی پێناسەی پرۆسەی هەڵبژاردن بکەین دەتوانین بڵێین ئەم پرۆسەیە بریتییە لە کۆمەڵە کار (ئیجرائات)ێکی یاسای و دارایی لەڕێگەیەوە دەتواندرێت فەرمان ڕەواو دەسەلات داران دیاری بکرێت.

٣- **جوگرافیای هەڵبژاردن** وەك لقێکی تازەی جوگرافیای سیاسی پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە، هەندێك پێان وایە جوگرافیای هەڵبژاردن: بریتیە لەو لقە هاوچەرخەی زانستی جوگرافی سیاسی لە رێگایەوە دەتواندرێت

---

(٧) د.نعمان احمد الخطیب، مصدرالسابق، ص٢٢١.

(٨) سرهنگ حمید البرزنجی، انتخابات اقلیم کردستان العراق بین النظریة والتطبیق، ط١، مطبعة وزارة التربیة، اربیل، ٢٠٠٢، ص٦٣.

شیکردنەوەی بۆ جیاوازی لە شێوازەکانی هەڵبژاردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و هۆکارە کاریگەریەکانی جوگرافیا لەسەر دەنگدەر بخاتە ڕوو[٩] .

**شێوازەکانی جوگرافیای هەڵبژاردن:** لە جوگرافیای هەڵبژاردندا دوو شێوازی سەرەکی بەدی دەکرێت کە شێوازی یەکەم بریتییە لە جوگرافیای هێز و شێوازی دووەم بریتیە لە جوگرافیای پاڵپشتی، لە شێوازی یەکەمدا دەرئەنجامی بەرژەوەندی کۆمەڵەیەك یان وڵاتێك بۆ پاڵپشتی کردنی حیزبێك یان کەسایەتێك لە شاڵاوەکانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بەدیاردەکەوێت. ئەوەی جێگای باسە ئەو بایەخەی جوگرافیای پاڵپشتی بۆ هەڵبژاردن دراوە، بەراورد بەوە ئەوەندە بایەخ بەجوگرافیای هێز نەدراوە. ئەمەش بەهۆی سنووردارێتی بابەتەکانی، لە کاتێکدا سیاسەت تاڕادەیەك بە نهێنی دەمێنێتەوە ناتواندرێت بە ئاسانی زانیاریت دەربارەی کار و پاڵپشتی و هاوکاری ژێربەژێری حیزب و لایەنەکانت دەست بکەوێت. بۆ نموونە هەڵویست و سلوکی ئاژانسی هەواڵگیری ئەمریکا بۆ پاڵپشتی کردنی بیانی یان ناوەخۆی یان بۆ دروستکردنی نا ئارامی و سەقامگیری حوکمەتەکانی بیانی تاڕادەیەك نهێنی یە.

**٤- سیستەمی هەڵبژاردن (نظام الانتخابات ):** سیستەمی هەڵبژاردن بریتییە لەو ڕێگا ڕێکاریەی دەگیرێتەبەر بۆ ڕێکخستنی کار یان پرۆسەی هەڵبژاردن بە مەبەستی گۆڕینی ئەو دەنگانەی دەنگدەر دەیدات بۆ کورسی پەرلەمانی، بەجۆرێك پاڵێوراوانی بازنەکانی هەڵبژاردن پێشبرکێ لەسەر دەکەن و لە ڕێگای دەنگی دەنگدەرانەوە بەدەستی دەهێنن. مەبەست لە سیستەمی هەڵبژاردن ئەو ڕێساو بنچینەیە هونەریانە یا ئەو کۆمەڵە شێواز و ڕێگایە کە بەکار دەهێندرێت بۆ خستنە بەر چاوی کاندیدەکان بۆ بەردەم دەنگدەر.

(داڤید فاریل) پێ وایە سیستەمی هەڵبژاردن ئەو ڕێگایەیە دەنگەکان دەگۆڕێت بۆ کورسی بۆ ئەو کەسانەی هەڵدەبژێردرێن و کار و پۆستی بەڕێوبردنی دیاریکراویان پێ دەسپێردرێت[١٠] .

کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێن سیستەمی هەڵبژاردن شێوەو سروشتی هەیکەلی حوکمەتی داهاتوو دیاری دەکات، هەروەها ئەم سیستەمەش سروشتی پەرلەمان و قەبارەی پارتە سیاسیەکان کە کورسیەکانی پەرلەمان دەبەنەوە ڕون دەکاتەوە، بۆیە ئەو سیستەمە زۆر مەترسی دارو کاریگەرە ئەگەر هەوڵ بدرێت لە لایەن لایەنێك لە لایەنەکان قۆرغ بکرێت و بۆ سودو بەرژەوەندی تایبەتی بەکار بهێندرێت .

دەبێت ئەوە زانراوبێت لەدەوڵەتدا دەستوور بڕیاری سیستەمی هەڵبژاردنی گشتی دەدات، بەڵام کاتێك دەستوور بڕیاری هەڵبژاردنی کۆتدارو بەمەرج بدات جگە لەمەرجەکانی ڕێکخستن وەك تەمەن، ڕەگەزنامە، شایستە بوون ...هتد. مەرجی سەربار دابنێت بۆبەشداری کردن وەك سامان، فێربوونو زانست، چینو توێژ...هتد. ئەوا گەل بەهەردوو ماناکەی لێك دوورتر دەخاتەوە.

سیستەمەکانی هەڵبژاردن ڕەنگدانەوەی گەورەی لەسەر پرۆسەی سیاسی هەڵبژاردن بەگشتی هەیە هەر لە کاریگەری لەسەر پارتە سیاسیەکان و یەك ڕێزیان، چونکە هەندێ سیستەم و ڕێگا بۆ لەت بوونی (دابەش بوون یان جیا بوونەوە) ڕیزەکانی یەك پارت خۆش دەکات، لە کاتێکی تر هەندێ سیستەمی تر دەبێتە هۆی یەك ڕێزی

---

(٩) شاكر ظاهر فرحان الزبيدى، جغرافية الانتخابات البرلمانية فى العراق لعام ٢٠٠٥، دراسة جغرافية سياسية، رسالة ماجستر غير منشور، بغداد، ٢٠٠٧، ص١٦.

(١٠)عيدو سعد وعلى مقلد و عصام نعمة اسماعيل، النظم الانتخابية، دراسة حول العلاقة بين النظام السياسى والنظام الانتخابى، مركز بيروت للابحاث والمعلومات، بيروت، لبنان، ص٥٧.

و یەك دەنگی ڕێژەکانی پارتەکە و لادانی هەموو جۆرە جیاوازیەك. لەبەرامبەردا هەندێکی تریان ڕێگای زیاتر بە پالێوراوە بێ لایەنەکان دەدات، ئەمە لە کاتێکدا جۆری تریان هەیە هەستی نەتەوەی و ئاینی و مەزهەبی دەبزوێنین هەندێکی تریان ڕەنگە ڕێگا خۆشکەربێت بۆ ئەو کەس و لایەنانەی دەرنەچون یان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە ڕێگاو شێوازی نا دیموکراتی و شێوازی توندڕەوی بگرنەبەر، هەر بۆیە زۆر پێویستە کاتێك باس لە دانان یا هەڵبژاردنی سیستەمێکی دیاریکراو بۆ هەر هەڵبژاردنێك دەدرێت پێویستە پێکهاتەی کۆمەڵگاکە لەڕوی ئایدۆلۆژو ئاینی و نەتەوەی و هەرێمی و زمانەوانی و کۆمەڵایەتی لەبەر چاوبگیرێت، ئەمەش بۆ زامن کردنی دروست بوونی پەرلەمانێکی ڕاستەقینەو پاڵنەربێت بۆ دروست کردنی یەك ڕێزی و نزیك بوونەوە لە نێوان پارتە سیاسیەکان ئەمەش بە مەبەستی مسۆگەر کردنی دروست کردنی حوکمەتێکی کارای ڕاستەقینە دوربێت لە هەموو گرژی و پێکدا هەڵچونێك .

لەهەر هەڵبژاردنیکی دیموکراسیدا سێ جۆر یان شێواز یان ڕێگا هەیە کە پشتی پێدەبەسترێت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە ئەو سێ ڕێگایەش بریتەیە لە: أ- سیستەمی زۆرینەی ڕێژەی بە هەردوو شێوازی سادە و شیوازی ڕەها. ب-سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی ( التمثیل النسبي) بە هەر دوو شێوازی تەواو و نزیك کراوە(تقربي). ج-شێوازی تێکەڵاو یان تیکەڵ.

هەر یەك لەم جۆرە سیستەمانەش لایانی پۆزەتیف و نیگەتیڤی خۆی هەیە لەگەڵ جۆرەکەی تر جیاوازن. هەر ئەمەشە وای کردوە هەر دەوڵەتێك ئەو سیستەمە هەڵبژاردنە هەڵدەبژێرێت و دەست نیشانی دەکات بۆ پەیڕەوکردنی لە وڵاتەکەیدا لەگەل ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی دادەگونجێت دوای ئەوەی بەراوردی لایانە باش و خراپەکانی هەر سیستەمێك بۆ وڵات دەکرێت ئینجا جۆرە سیستەمێکیان هەڵدەبژێریت وڵات لە کاتی هەڵبژاردندا پەیڕەودەکرێت.

### باسی دووەم : پێگە و شوێنی جوگرافی تورکیا

تورکیا دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاو باشووری ڕۆژهەلاتی کیشوەری ئەوروپا لەنێوان هەردوو بازنەی پانی(٢٤° - ٣٥°) باکورو هەردوو هێڵی درێژی(٢٦° - ٤٥°) ڕۆژهەلات، ڕووبەری تورکیا (٧٨٣٥٦٢)کم٢، لەم ژمارەیەش ٢٣٧٢٠کم٢ کەوتۆتە بەشی کیشوەری ئەوروپا دەگاتە ڕێژەی ٣٪ خاکی تورکیاو ئەم بەشە بە (تراقیا)ناسراوە، ڕێژەکەی تریش کە ٩٧٪ لەخاکی تورکیایە کەوتۆتە ئاسیاو پێدەڵێن (ئەنەدۆڵ) یان ئاسیای بچوك، کۆی ڕووبەری وشکانی تورکیا(٧٧٠٧٦٠)کم٢ یە ئەوەی تری لەکۆی گشتی ڕووبەری ئەم ولاتە کە(٩٨٢٠کم٢) ڕووبەری ئاوی و دەریاچەی ناوخۆن.

تورکیا لە ڕۆژهەڵاتدا هاوسنورە لەگەڵ هەریەك لە جۆرجیاو ئەرمینیاو ئازربایجان و ئێران، لەباشوری ڕۆژهەلاتی هاوسنورە لەگەل ئیران و عێراق و سوریا، باشوری ڕۆژئاواو بەشێکی رۆژئاوای دەریای ناوەراست و دەریای ئیجەیە، لە باکوری ڕۆژئاوای بولگاریاو یۆنانە لە باکوریشی دەریای ڕەشە نەخشەی (١). بەم شێوەیە تورکیا هاوسنورە لەگەل(٨) وڵات کە کۆی گشتی درێژی سنوری وشکانی تورکیا ٢٦٤٨کم ئەمە جگە لە ٧٢٠٠کم سنوری ئاوی، بەواتای کۆی گشتی سنوری ئاوی ٧٣،٣٪ لەسنوری گشتی تورکیا پیك دێنێت. خشتەی (١).

## نەخشەی (١)

## پێگەی و شوێنی جوگرافی تورکیا




سەرچاوە/ Political map of Turkey, www.mapsofworld.com copyright©2014. کاری توێژەران پشت بەست بە:

## خشتەی (١)

## سنووری وشکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ

| ژ. وڵات | وڵات | درێژی\ کم | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | تورکیا_عێراق | ٣٥٢ | ١٣,٣ |
| ٢ | تورکیا_سوریە | ٨٢٢ | ٣١,١ |
| ٣ | تورکیا_ ئێران | ٤٩٩ | ١٨.٨ |
| ٤ | تورکیا_ بولغاریا | ٢٤٠ | ٩,١ |
| ٥ | تورکیا_ یۆنان | ٢٠٦ | ٧,٨ |
| ٦ | تورکیا_ ئازربیجان | ٩ | ٠,٣ |
| ٧ | تورکیا_ ئەرمینیا | ٢٦٨ | ١٠,١ |
| ٨ | تورکیا_ جۆرجیا | ٢٥٢ | ٩,٥ |
| | کۆی درێژی سنوری وشکانی | ٢٦٤٨ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە/ CIA,The fact book 2007,Al Haines,United States,2008.p1560

گەر سەیری شوێنی جوگرافی تورکیا بکەین دەردەکەوێت  ئەم وڵاتە شوێنێکی ستراتیجی زۆر گرینگی هەیە بە شێوەیەك وەك پردێکی زەمینە هەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەوروپا بەیەك دەبەستێتەوە ئەمە سەرەرای دەست بەسەرداگرتنی هەردوو گەروی دەردەنیل و بسفۆر ئەوا نزیکی ئەم وڵاتە لە دەریاکانی ڕەش و ناوەڕاست و ئیجە

و تیرانا بۆتە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتە بکاتە ڕێگایەکی سەرەکی پەرپنەوەی کاڵاکانی ئەورووپا بۆ ڕۆژهەڵات و بە پیچەوانەوەش، لەلایەکی تریش تورکیا کەوتۆتە ناوەندیکی دەوڵەمەندی سامانی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکە نزیك لە کیلگە نەوتیەکانی عێراق و کەنداو دەریای قەزوین و قەوقاز.

**بەشی دووەم: تایبەتمەندی و پێکهاتەی دانیشتوانی تورکیا**

دانیشتوان واتا ژمارەی هەموو ئەو کەسانەی کە لە هەرێمێکی سیاسی یا دەوڵەتێك نیشتەجێن، ئەو ژمارەیەش ئامادەیە بۆ زیادبوون بەشێوەی سروشتی (دەرکردنی مردن لە لەدایك بوان)یان بەشێوەی ناسروشتی کۆچ، هەروەها ئامادەیە بۆ کەمبون بەشێوەی کۆچ یا شەڕو ئاژاوە.

دانیشتوان توخمێکی زیندوی بە جوڵەیە لەجەستەی دەوڵەتدا، هەر ئەوانن دەستی کارکەر (ئیشکەر)ی دەوڵەتن، بەرهەمهێن و بەکاربەریشن، دانیشتوان هێزی بەرگریکاری دەوڵەتن، لەپرۆسەی هەڵبژاردنیشدا هەر دانیشوانە دەنگدەرو بریاردەرە واتە کۆی گشتی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ دانیشوانەو هەر لە ڕێگای ئەوانیشەوە جێ بەجێ دەکرێت و یەکلای دەکرێتەوە.

**خشتەی (٢)**

**ژمارەی دانیشتوانی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٧ تا ساڵی ٢٠١٤(*)**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی گۆڕاو (زیادبوون) ٪ |
|---|---|---|
| ١٩٢٧ | ١٣.٥٥٤.٠٠٠ | ٦.٥ |
| ١٩٣٠ | ١٤,٤٤٠,٠٠٠ | ٢٢,٨ |
| ١٩٤٠ | ١٧,٧٢٨,٠٠٠ | ١٧.٤ |
| ١٩٥٠ | ٢٠,٨٠٧,٠٠٠ | ٣٢,٢ |
| ١٩٦٠ | ٢٧,٥٠٦,٠٠٠ | ٢٨,٤ |
| ١٩٧٠ | ٣٥,٣٢١,٠٠٠ | ٢٥,٨ |
| ١٩٨٠ | ٤٤,٤٣٩,٠٠٠ | ٢٤,٠ |
| ١٩٩٠ | ٥٥,١٢٠,٠٠٠ | ١٦,٦ |
| ٢٠٠٠ | ٦٤,٢٥٢,٠٠٠ | ١٣,٦ |
| ٢٠١٠ | ٧٣,٠٠٣,٠٠٠ | ١٢ |
| ٢٠١١ | ٧٤.٧٢٤.٢٦٩ | ٢.٣ |
| ٢٠١٢ | ٧٥,٦٢٧,٠٠٠ | ٣,٦ |
| ٢٠١٣ | ٧٦,٦٦٧,٠٠٠ | ١,٤ |
| ٢٠١٤ | ٧٧.٦٩٥.٩٠٤ | ١.٣ |

سەرچـاوە/ کـاری توێـژەران پشـت بەسـت بـە: http://www.ulusalkanal.com.tr و www.tuik.gov.tr/PdfGetir.do?id=18616

لەکۆی ژمارەی دانیشتوانی تورکیا لەساڵی ٢٠١١دا (٥٠,٣٣٩,٥٩٦) کەس بۆی هەبوە دەنگ بدات واتا مافی دەنگدانی هەبوە، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٥ دا(٥٤.٨١٣.٣٧٥)کەس لە دانیشوانی تورکیا مافی بەشداریکردن و دەنگدانیان لە هەلبژاردنی پەرلەماندا هەبوە(١١).

(*) ئێمە لەبەر ئەوەی لەناو ساڵی (٢٠١٥) توێژینەوەکەمان ئەنجامداوە بۆیە نەمان توانی داتای ژمارەی دانیشتوانی ئەو ساڵە وەربگرین.

(١١) http://www.sabah.com.tr/secim/2011&2015-genel-secimleri

**باسی یەکەم: پێکهاتەکانی دانیشتوان**

لەهەموو بارودۆخێکدا لێکۆڵینەوە لە ژمارە و قەبارەی دانیشتوانی دەوڵەت بەتەنها گونجاونیە بۆ باسکردنی بنەما مرۆییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆیە لێکۆڵینەوە لەپێکهاتەکانی دانیشتوان بایەخی زانستی خۆی هەیە بۆیە لێرەدا ئەم پێکهاتانە باس دەکەین: ١- پێکهاتەی دیموگرافی. ٢-پێکهاتەی ئەسنۆگرافی.

**یەکەم: پێکهاتەی دیموگرافی:**

**١- پێکهاتەی تەمەن :**

مەبەست لەپێکهاتەی تەمەن دابەشبوونی دانیشتوانی دەوڵەت بەگوێرەی تەمەن، هەروەکو زانراوە هەرکۆمەڵگایەك لەڕووی تەمەنەوە دابەش دەکرێت بۆ سێ کۆمەڵەی سەرەکی کەبریتین لە کۆمەڵەی منداڵ لە (١ ڕۆژی - ١٥ ساڵی)، کۆمەڵەی دووەم لەتەمەنی سەروو( ١٥ - ٦٤ )ساڵی دەگرێتەوە، کۆمەڵەی سێیەم کۆمەڵەی پیرەکانە لەسەرووی( ٦٥ )ساڵیەوە دەگرێتەوە. ئەم شێوازە شیکردنەوەی بە وێنەیەکی هەرەمی شێوە دەکێشرێت پێی دەوترێت هەرەمی تەمەن، لە ساڵی ٢٠١١ (٢٥٪) و لەساڵی ٢٠١٤ (٢٤٪) دانیشتوانی تورکیا تەمەنیان لە (٠-١٤) ساڵ و لەساڵی ٢٠١١ (٦٨.٢٪) و لەساڵی ٢٠١٤ (٦٩.١٪) تەمەنیان لە نیوان (١٥-٦٤) ساڵ، بەڵام لەساڵی ٢٠١١ (٦.٨٪) و لەساڵی ٢٠١٤ (٦.٩٪) تەمەنیان لەسەروی (٦٥) ساڵاندابووە، شێوەی (١).

لەڕێگای قوچەکی دانیشتوانەوە زۆر بە سانای دەتوانرێت ڕێژەی ئەو کەسانە دەست نیشان بکرێت کە لەتەمەنی دەنگدان دان، ئەم کارەش لە هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا مایەی بایەخ پێدانی پارت و لایەن و هێزە سیاسیەکانە و پێویستیان بە زانینی ئەم زانیاریانە هەیە بۆ دیاریکردنی قەبارەی لایەنگران و دابەش بوونی جوگرافیان لە چوارچێوەی بازنەکانی هەڵبژاردندا.

**شێوەی (١)**

**قوچەکی تەمەنی و جۆر (ڕەگەز)ی دانیشتوانی تورکیا لە نێوان ساڵانی ٢٠١١ — ٢٠١٤دا**




سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: http://www.adania.com.tr/sayfa/demography-and-labor-force/38 و
http://www.invest.gov.tr/en-US/investmentguide/investorsguide/Pages/DemographyAndLaborForces.aspx

کەواتە هەر بەپێی شێوەی (١) دەردەکەوێت لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەکانی تورکیای سالی ٢٠١١دا (٦٦.٦٪) کەس تەمەنیان لەسەروی ١٨ ساڵیدابوون، واتا مافی دەنگدانیان هەبوو، کەچی لەساڵی ٢٠١٤(*) دا ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبووە بووە (٦٧.٧٪)، کۆی دانیشتوانی تورکیایان پێك هێناوە، واتا (١.١٪) ژمارەی دەنگدەران زیادیکردوە.

٢-پێکهاتەی جۆری (التركيب النوعی):

مەبەست لە پێکهاتەی جۆری دابەش بوونی دانیشتوانە بەگوێرەی هەردوو رەگەزی نێرو مێ، ئەم ڕێژەیەش لە ئەنجامی دابەشکردنی کۆی ژمارەی نێرینە بەسەر کۆی ژمارەی مێینە جارانی (١٠٠) دەکرێت . پێکهاتەی جۆری کاریگەری بەهێزی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردندا هەیە، بەشێوەیەك لەو کۆمەڵگایەی کە ڕێژەی نێرینەیان زیاترە ئەوە ڕاستەوخۆ کار لە بەشداریکردنی پرۆسەکە دەکات و ڕێژەی بەشداربوان زیاتر دەبێت بەتایبەتی لەکۆمەڵگای ڕۆژهەلاتیدا، تارادەیەك بەشداری مێنە کەمترە لەم پرۆسەیەو پرۆسەی سیاسی بەگشتی. بەلام تورکیا هەرچەندە ولاتێکی موسلمانە بەلام نزیکترە لە ئەوروپا و کاریگەری ژینگەی ئەم کیشوەری لەسەرە بۆیە ئەم لایەنە زۆر ڕۆلی نەبینەوە لە جیاوازی بەشداریکردنی ڕەگەزی مێینە بەرامبەر بە نێرینە.

**دووەم: پێکهاتەی ئەسنۆگرافی**

مەبەست لە پێکهاتەی ئەسنۆگرافی دانیشتوان، دابەش بوونی دانیشتوانە بەگوێرەی نەتەوەو ئاین، ئەم بابەتە بەیەکێك لەبابەتە گرنگەکان دادەنرێت، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سەقامگیری و نائارامی دەوڵەتەوە هەیە.

١- پێکهاتەی نەتەوە.

نەتەوە بەکۆمەڵە خەڵکێك دەگوترێت کە چەندین پەیوەندی هاوبەش بەیەکیان دەبەستێتەوە وەك (زمان ، مێژوو، فەرهەنگ، ئایین، زەوی ....) لەئەمرۆدا کەم دەوڵەت هەیە لەڕووی پێکهاتەی نەتەویەوە لەیەك نەتەوە پێك بێت (دەوڵەتی نەتەوەیی) .

جیاوازی پێکهاتەی نەتەوە لە جەستەی دەوڵەتدا زۆر جار کێشە بۆ دەوڵەت دروست دەکات، بەتایبەتی کاتێك ئەگەر نەتەوەیەکی بچووك لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا هەستی کرد مافەکانی لێ زەوت کراوە و زۆرداری لەگەڵ دەکرێت و دەچەوسێندرێتەوە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر هەر پرۆسەیەکی هەلبژاردن دەبێت و ڕەنگە تارادەیەکی زۆریش ئەم پرۆسەیە گەر ئەنجام بدرێت بێ فرت و فێڵ و نادادپەروەری نابێت.

تو رکیا ولاتیکی جۆراو جۆرە لەنەتەوە بە شێوەیەك ڕێژەی تورك لە نیوان ٧٠٪ بۆ٨٠٪ و کورد٢٠٪ بۆ٣٠٪ پێکهاتەی ئەم ولاتەن و ئەوانی تریش ڕێژەکانیان لە ٤٪ تێپەر ناکات، خشتەی(٣).

---

(*) بۆیە ساڵی ٢٠١٤ مان وەرگرتووە، چونکە ئێستا لەساڵی ٢٠١٥ داین و ساڵ کۆتای پێ نەهاتووە، هەرئەمەش وایکردووە داتای ٢٠١٥ی پێویستمان سەبارەت بەژمارەی دانیشتوان دەست نەکەوێت.

خشتەی (٣)

ڕێژەی سەدی پێکهاتەی نەتەوەیی لە تورکیا بەپێی سەرژمێری ٢٠٠٥

| نەتەوە | ٢٠٠٥٪ | ٢٠١١٪ |
|---|---|---|
| تورك | ٧٠ -٨٠ | ٧٠,٢ |
| کورد | ٢٠ -٣٠ | ٢٠,٤ |
| قەوقاز | ٣,٢ | ٢,٣ |
| عەرەب | ٢ | ٢,٢ |
| فارس | ٠.٠٥ | ٠,٩ |
| جۆرجیەکان | ٠.٠٥ | ٢,٣ |

المصدر/ د.مجيد حميد شهاب، محمد جواد شبع و اخرون، الجغرافية الانتخابية للاحزاب في تركيا، مجلة كلية السياسة جامعة بابل، العدد ٢، ٢٠١٠، ص٢٤٩.

٢- پێکهاتەی ئاینی

پێکهاتـەی ئـاینی و جـۆراو جـۆری ئـاینی لـە دەوڵەتـدا زۆر جاردەبێتـە مایـەی ناسـەقامگیری و نائـارامی بـۆ دەوڵەت، هەرچەندە ئایین مایەی ئـارامی و ئاسودەبوونی روحـە، بـەڵام زۆر جـاریش دەبێتـە سەرچاوەی کێشـەو قەیران و شەڕی خوێناوی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیـە ئـەم فاکتـەرە لـە هەنـدێ لایەنـدا زۆر لـە فاکتـەرەکانی تری کێشەو ناکۆکیەکان گەورەتردەبێت بەتایبەتی گەر بە هۆکاری دەرەکی هانی بدرێت.

لەسەردەمی ئەمرۆدا هەرچەندە توندی و دەمارگیری ئاینی لە هەمو شوینەکانی دونیا وەك یەك نیەو بەگوێرەی ئاستی ڕۆشەنبیری دەگۆڕیت و بەشێوەی جاران نیە و کەمتر بۆتەوە، بەڵام لەگەل ئەمەشداکاریگەری زۆر تونـدی لەزۆر وڵاتدا ماوە و بۆتە مایەی گرفت و سەرئێشە بۆ دەوڵەتەکانیان و زۆر جار شەڕی ناوخۆشی لێدەکەوێتـەوە، لەبەرامبەردا لە هەندێ دەوڵەتدا سەرەڕای جۆراو جۆری ئاینی، بەڵام ئەم ئاینانە مافی خۆیان لە ئازادی و بیرورا پـەیرەو کردنـی داب و نـەریت و سـروتە ئاینـەکانیان جێ بـەجێ دەکـەن و هـیچ کاریگـەریـەکی لەسـەر ئاسایشـی نەتـەوەش دروسـت ناکـات، تورکیـا وڵاتێکـی موسـلمانە و زۆربـەی دانیشـتوانی پـەیرەوی ئـاینی ئیسـلام دەکـەن، بەرێژەی (٩٦.١٪)، ئەمە سەرەڕای بونی ئاینی تـر بـە شـێوەیەکی جیـاواز، خشتەی (٤) و شـێوەی (٢). بـەڵام ئـەم لایەنـە کاریگـەری ئـەوتۆی لەسـەر هەڵبژاردنـەکان لـەڕوی جیاوازیـەوە نـەبوە بگـرە هەنـدی پـارت وەك پـارتی دەسەلاتداری گەشەپیدان سوودی لەم لایەنـە وەرگرتـوەو بەجوڵانـدنی هەسـتی ئـاینی ژمارەیـەکی زۆری هـەوادار لەخۆ کۆکردۆتەوە.

خشتەی (٤)

پێکهاتەی ئاینی تورکیا لەسالی ٢٠١٤

| ئاین | ڕێژە ٪ |
|---|---|
| موسلمان | ٩٦,١ |
| بێ دین | ٣,٢ |
| مەسیحی | ٠,٦ |
| ئیتر | ٠,١ |

سەرچاوە/ المصدر/ د.مجيد حميد شهاب، مصدرالسابق، ص٩.

شێوەی (٢)

پێکهاتەی ئاینی تورکیا لەساڵی ٢٠١٤




سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: خشتەی (٥)

## بەشی سێیەم: مێژوو و ژیانی پەرلەمانی و بازنەکانی هەڵبژاردن

### باسی یەکەم: مێژوو و ژیانی پەرلەمانی

مێژووی دەستپێکردنی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، بەتایبەتی دوای گۆڕینی مستەفا کەمال لەساڵی ١٩٢٤ ئیمپراتۆریەتی ئاینی و فرەنەتەوەی عوسمانی بۆ دەوڵەتیکی تاك نەتەوەو کۆماری و عیلمانی، بەر لەمەش ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەکەم وڵاتی ڕۆژهەلاتی ناوەراستە کە ئەنجومەنێکی یاسادانانی هەڵبژیردراوی هەبێت چونکە مێژووی ئەم ئەنجومەنە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٧٦[١٢].

دوای ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ١٩٢٣/١٠/٢٩دا بڕیاردرا کە دەستورێکی تازە بۆ وڵات بنوسریتەوە، ئەوەبو لەساڵی ١٩٢٤ ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی تورکیا دەستوری نوێی وڵاتی پەسند کردکە تیایدا لە مادەی پینجەم داهاتبوو (ئەنجومەن تاکە نوینەری گەلە و دەسەلاتی یاسادانان و ڕاپەراندنی هەیە و هەر لەرێگای ئەنجومەنیشەوە سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردرێت، ئەمە بەردەوام بو تاساڵی ١٩٦١ کودەتای سەربازی ڕوویداو دەستوریکی نوی بۆ وڵات نوسرایەو[١٣] هەڵبژاردن ئەنجامدراو پارتی کۆماری گەل بە سەرۆکایەتی (عصمت ئینۆنۆ) ١٧٣ کورسی بەدەست هینا بەلاّم نەتوانرا حکومەت پێك بهێنریت چونکە پەرلەمان متمانەی پی نەبەخشیو حکومەت هەڵوەشایەوە .

(١) عەباس خۆشناو، تورکیا نەبەرد لەپیناو مانەوەدا (دەستوری تورکیاو دەستکاری)، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٥١.

(٢) ئارام علی عزیز، کۆرنۆلۆژیای کۆماری تورکیا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، دۆسی تورکیا، ژمارە١٥ ساڵی ٢٠٠٥، ل٣٣.

سەبارەت بە مێژووی هەڵبژاردنەکانی تورکیا، خولی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ ٢٣نیسانی ساڵی ١٩٢٠ کە هەموو تورکیای گرتەوەو مستەفا کەمال کرا بەیەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا[١٤]، ژمارەی کورسیەکانی ئەوکاتەی پەرلەمان (٤٣٦) کورسی بوو واتا بەر لەنوسینەوەی دەستوری یەکەمی کۆماری، ئەم خولە تا ١١ ئابی ساڵی ١٩٢٣ بەردەوام بووە، هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەتورکیا هەر چوار ساڵێك لەسەرانسەری وڵات بەڕێوەدەچێت، تاوەکو ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ (٢٥) خولی هەڵبژاردن گرێدراوە، هەرچی تایبەتە بەژمارەی کورسیەکانی پەرلەمان لە خولێکەوە بۆ خولێکی تر گۆڕانی زۆری بەسەر داهاتووە، کەمترین ژمارەی کورسی لەخولی دووەم بووە ماوەی نێوان (١١ئابی ١٩٢٣ – ١تشرینی دووەم ١٩٢٧) لە ٣٣٣ کورسی پەرلەکانی پێکهاتبوو، ئەمە لەکاتێکدا زۆرترین کورسی لە خولی یازدەهەم بووە ماوەی نێوان ١ تشرینی دووەم ١٩٥٧ – ٢٧ مایسی ١٩٦٠ ژمارەی کورسیەکان لەو ماوەیە ٦٠٢ کورسی بوو.

لە ماوەی ساڵانی (١٩٢٠ – ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥) دوجار کودەتا بەسەر پەرلەمانی تورکیادا ڕوویداوە، یەکەمیان لە ٢٧ مایسی ١٩٦٠ ڕوویدا و بەردەوام بوو تا ٢٥ تشرینی یەکەمی ١٩٦١، بەکودەتا (٢٣ مایس) ناسراوە، ئەم ماوەیە بە دوو قۆناغ بەڕێوەچوو قۆناغی یەکەم لە (٢٧ مایس ١٩٦٠ – ٢٥ ئەیلول ١٩٦١) کۆمسیۆنێکی یەکڕیزی نیشتمانی دامەزرا، قۆناغی دووەم لە٦ کانونی دووەمی ١٩٦١ – ٢٥ تشرینی یەکەمی ١٩٦١بەردەوام بوو، ئەنجومەنێکی بنچینەیی نوێنەران دامەزرا لە ٣٨ ئەندام، تا ٢٥ تشرینی یەکەمی ١٩٦١ هەڵبژاردنی پەرلەمانی خولی دوازدەهەم بەڕێوەچوو. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە کودەتای دووەم لە ١٢ ئەیلول ١٩٨٠ – ٦ کانونی یەکەمی ١٩٨٣ بوو، لەماوەیەدا ئەنجومەنی نیشتمانی بەرهەڵستی لە (٥) کەس پێکهاتبوو.

ماوەی پێنج خولە واتا لە خولی بیستەمەوە ساڵی (١٩٩٥)ەوە ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانی تورکیا بووە بە (٥٥٠) کورسی و گۆڕانیان بەسەر دانەهاتووە.

خشتەی (٥)

مێژووی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا (١٩٢٠ – ٢٠١٥)

| هەڵبژاردنەکان | خول | مێژوو و بەروار | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٢٠ | خولی یەکەم | ٢٣نیسان ١٩٢٠ – ١١ئاب ١٩٢٣ | ٤٣٦ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٢٣ | خولی دووەم | ١١ئاب ١٩٢٣ – ات. دووەم ١٩٢٧ | ٣٣٣ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٢٧ | خولی سێیەم | ١ مایس ١٩٢٧ – ٤ مایس ١٩٣١ | ٣٣٥ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٣١ | خولی چوارەم | ٤مایس ١٩٣١ – ١ ئازاری ١٩٣٥ | ٣٤٨ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٣٥ | خولی پێنجەم | ١ ئازاری ١٩٣٥ – ٣ نیسان ١٩٣٩ | ٤٤٤ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٣٩ | خولی شەشەم | ٣ نیسان ١٩٣٩ – ٨ مایس ١٩٤٣ | ٤٧٠ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٤٣ | خولی حەوتەم | ٨ مایس ١٩٤٣ – ٥ ئاب ١٩٤٦ | ٤٩٢ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٤٧ | خولی هەشتەم | ٥ ئاب ١٩٤٦ – ٢٢ مایس ١٩٥٠ | ٥٠٣ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٥٠ | خولی نۆیەم | ٢٢ مایس ١٩٥٠ – ١٤ مایس ١٩٥٤ | ٤٩٢ |

(١٤) د.سامان حوسێن ئەحمەد و د. بەختیار سەعید مەحمود، مێژووی هاوچەرخی تورکیا، چ ١، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٤، ل٤٥.

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٥٤ | خولی دەیەم | ١٤ مایس ١٩٥٤ – ١ ت. دووەم ١٩٥٧ | ٥٣٧ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٥٧ | خولی یازدەهەم | ١ ت. دووەم ١٩٥٧ – ٢٧ مایس ١٩٦٠ | ٦٠٢ |
| کودەتا لە ٢٧ مایس | کۆمسیۆنی یەکریزی نیشتمانی | ٢٧ مایس ١٩٦٠ – ٢٥ ئەیلول ١٩٦١ | ٣٨ |
| | ئەنجومەنی بنجینەیی – نوێنەران | ٦ ك. دووەم ١٩٦١ – ٢٥ ت. یەکەم ١٩٦١ | |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٦١ | خولی دوازدەهەم | ٢٥ ت. یەکەم ١٩٦١ – ١٠ ت. یەکەم ١٩٦٥ | ٤٥٠ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٦٥ | خولی سێزدەهەم | ١٠ ت. یەکەم ١٩٦٥ – ١٠ ت. یەکەم ١٩٦٩ | ٤٥٠ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٦٩ | خولی چواردەهەم | ٢٢ ت. یەکەم ١٩٦٩ – ١٤ ت. یەکەم ١٩٧٣ | ٤٥٠ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٧٣ | خولی پازدەهەم | ٢٤ ت. یەکەم ١٩٧٣ – ٥ حوزەیران ١٩٧٧ | ٤٥٠ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٧٧ | خولی شازدەهەم | ١٣ حوزەیران ١٩٧٧ – ١٢ ئەیلول ١٩٨٠ | ٤٥٠ |
| کودەتا لە ١٢ ئەیلول | کۆمسیۆنی یەکریزی نیشتمانی | ١٢ ئەیلول ١٩٨٠ – ٦ ك. یەکەم ١٩٨٣ | ٥ |
| | ئەنجومەنی بنجینەیی – بەرهەڵستی | ٢٣ ت. یەکەم ١٩٨١ – ٦ ك یەکەم ١٩٨٣ | |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٨٣ | خولی حەڤدەهەم | ٢٤ ت. یەکەم ١٩٨٣ – ٢٩ ت. یەکەم ١٩٨٧ | ٤٠٠ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٧٨ | خولی هەژدەهەم | ١٤ ك. یەکەم ١٩٨٧ – ٢٠ ت. یەکەم ١٩٩١ | ٤٥٠ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٩١ | خولی نۆزدەهەم | ٦ ت. دووەم ١٩٩١ – ٢٤ ك. یەکەم ١٩٩٥ | ٤٥٠ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٩٥ | خولی بیستەم | ٢٤ ك. دووەم ١٩٩٥ – ١٨ نیسان ١٩٩٩ | ٥٥٠ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٩٩ | خولی بیست و یەکەم | ٢ مایس ١٩٩٩ – ٢ ت. دووەم ٢٠٠٢ | ٥٥٠ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ٢٠٠٢ | خولی بیست و دووەم | ١٤ ت. دووەم ٢٠٠٢ – ٢٢ تەموز ٢٠٠٧ | ٥٥٠ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ٢٠٠٧ | خولی بیست و سێیەم | ٤ ئاب ٢٠٠٧ – ١٢ حوزەیران ٢٠١١ | ٥٥٠ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ٢٠١١ | خولی خولی بیست و چوارەم | ٢٨ حوزەیران ٢٠١١ – ٧ حوزەیران ٢٠١٥ | ٥٥٠ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ٢٠١٥ | خولی بیست و پێنجەم | ٧ حوزەیران – ٢٠١٥ - ١ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ | ٥٥٠ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ٢٠١٥ | خولی بیست و شەش | ١ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥–..... | – |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%B1%D9%84%D9%85%D8%A7%D9%86_%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B1%D9%83%D9%8A

ئەوەی جێگەی باسە پێویستە لەتورکیادا وەك هەر دەوڵەتێکی دیموکرات چەند بنەماو یاسایەکی بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەدەستوری وڵاتەکەی چەسپاندووە، بەپێی بەندی ٧٧ی دەستوری تورکیا کەبۆ ساڵی ١٩٨٢ دەگەڕێتەوە هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان (٥) ساڵ جارێك بەڕێوە دەچێت، بەڵام ماوەی ئەم (٥) ساڵە جێگیرنیە، چونکە خودی پەرلەمان لەکاتی بوونی چەند مەرجێکی دیاریکراو دەتوانێ وادەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان پێش بخات، هەروەها پێویستە ئەندامانی پەرلەمان چەند خەسڵەتێکی یاسایی تێدابێت لەوانە[١٥]:

(١٥) یونس گەرمیانی، هەڵبژاردنەکانی تورکیا و سەرکەوتنی پارتی عەدالەت و پەرەپێدان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان - گۆڤاری سیاسەتی نێودەوڵەتان، ژمارە ٣، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٦٢-٦٣.

- تەمەنی لە ٣٠ ساڵ کەمتر نەبێت.
- خوێندنی سەرەتای تەواو کردبێت.
- خزمەتی سەربازی تەواو کردبێت.
- ئەندامانی دامەزراوی سەربازی و سەرۆکی دادگا و ئەندامانی دامودەزگای خوێندنی باڵا پێش ئەوەی خۆیان بۆ پەرلەمان کاندید بکەن دەست لە کارەکانیان و لە حزبەکانیان بکێشنەوە.

**باسی دووەم: بازنەکانی هەڵبژاردن**

بۆئەوەی بتواندرێت پرۆسەی هەڵبژاردن کۆنترۆڵ بکرێت، ڕێو شوێنەکانی بگیرێتەبەر، پێویستە هەرێمی دەوڵەت یا پارێزگا یا هەر یەکەیەکی ئیداری بەگوێرەی قەبارەی یەکەکە دابەش بکرێت بۆبازنەی هەڵبژاردن، ئەمەش بەپێی یاساو سیستەمی دەوڵەتەکە، هەروەها دەبێت دابەشکردنەکە گونجاوبێت لەگەڵ قەبارەی دانیشتوان و ژمارەی نوێنەران و پانتایی خاکی وولات و ...هتد. بازنەکانی هەڵبژاردنیش یەکێکە لەڕێو شوێنەکانی دەسپێکی پرۆسەی هەڵبژاردن، مەبەست لەڕێو شوێنی دەسپێك هەموو ئەو ڕێو شوێنانەیە کە دەسەلاتی جێ بەجێکردن دەیگرێتەبەر، هەر لەدەرکردنی بڕیارو ڕێنمایی و سەرجەم ڕێو شوێنەکانی تری ئاسانکاری بۆمسۆگەرکردنی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە لەسەرتاسەری وولاتدا، بۆئەوەی هەموو ئەوکەسانەی مەرجەکانی هەڵبژاردن دەیانگرێتەوە بتوانن سیادەی مافی خۆیان بکەن بەپێی یاسا کارپێکراوەکان لەدەوڵەتەکەدا. یەکێك لەم ڕێو شوێنە دەستپێکانەی پرۆسەی هەڵبژاردن بریتییە لەدیاری کردنی بازنەکانی هەڵبژاردن، بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن دەوڵەتەکان دابەش دەکرێن بۆچەند بازنەیەکی هەڵبژاردن، لەهەر یەکێکیان نوێنەرێك یان زیاتر هەڵدەبژێردرێت، ئەم شێوازە لەزۆربەی دەوڵەتانی هاوچەرخ پەیرەو دەکرێت، چونکە دابەشکردنی دەوڵەت بۆچەند بازنەیەکی هەڵبژاردن وادەکات ئەرکی سەرشانی دەنگدەر سوك بکرێت بەبەراورد لەگەڵ یەك بازنەدا. دابەشکردنی دەوڵەت بۆچەند بازنەیەك مانای ئەوە نیە ئەوبازنانە یەکسان بن لەگەڵ ژمارەی نوێنەران چونکە نوێنەرایەتی بازنەکان کاریگەر دەبێت بەژمارەی دانیشتوان، بەشێوەیەکی گشتی دابەشکردنی بازنەکان بەیەکێك لەم ڕێگایانە خوارەوە دەبێت:

١-دەستوور یان یاسا ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان دیاری دەکات لەم حاڵەتەدا ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەجێگیری دەمێنێتەوەو هەڵدەبژێردرێن لەمیانی بازنەی هەڵبژاردنی جێگیرەوە، هەر بازنەیەك ژمارەیەکی جێگیر لەنوێنەر دیاری دەکرێت، هیچ کاریگەر نابێت و ناگۆڕێت بەگۆڕانی ژمارەی دانیشتوان، لەوانەیە ژمارەی بازنەکان یەکسان بێت لەگەڵ ژمارەی نوێنەرەکان، لەم حاڵەتەدا هەڵبژاردن بەتاك دەبێت، بەلام ئەگەر ژمارەی نوێنەرەکان زیاتربێت لەژمارەی بازنەکان هەڵبژاردن بەلیست دەبێت.

٢-دەستوور یان یاسا نوێنەرێك بۆژمارەیەکی دیاری کراو لەدانیشتوان دەست نیشان دەکات پاشان دەوڵەت دابەش دەکات بۆبازنەکان و ژمارەی بازنەکان دەگۆڕێت بەپێی زیادوکەمی ژمارەی دانیشتوان.

دابەشکردنی دەوڵەت بۆچەند بازنەیەکی هەڵبژاردن، جگە لەوەی ئەرکی دەنگدەر ئاسان دەکات لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ڕێو شوێنەکانی ئەژمارکردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان ئاسان دەکات و ئەرکی سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی هەڵبژاردنیش ئاسن دەکات. بازنەکانی هەڵبژاردن جگە لەم گرینگیانەی ئاماژەیان پێدرا، ڕێو شوێنێکە لەپێناو پاکیو بێگەردی پرۆسەی هەڵبژاردن دەگیرێتە بەر.

بازنەکانی هەڵبژاردن یەکێکە لەو ئامرازانەی دەبێتە هۆی مسۆگەرکردنی سەلامەتی هەڵبژاردن، سەلامەتی هەڵبژاردنیش یەکێکە لەگرینگترین پرەنسیپەکان، زۆربەی دەستوورەکان پەرۆشن لەسەر پاراستنی و پابەندکردنی دەسەڵات بەڕێزگرتن لەم پرەنسیپە، چونکە ئەم پرەنسیپە ڕەنگدانەوەی مەترسیداری هەیە لەسەر سیستەمی دیموکراتیەت بەگشتی.

دابەشکردنی دەوڵەت بۆچەند بازنەیەکی هەڵبژاردن پێویستە مامناوەندی بێت لەڕووی ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوان، ئەوەش بۆئەوەی لەلایەك ئەرکی دەنگدەر ئاسان بکات، لەلایەکی تر دوور بکەوێتەوە لەوەی هیچ کاریگەریەکی بکەوێتە سەر، هەروەها پێکهێنانی پەرلەمانێکی گونجاو لە ئەندامان لەلای سێهەمەوە. بەپێی یاسای نێودەوڵەتی پێویستە پرۆسەی دیاری کردنی بازنەکان ڕێز لەبنەما نێودەوڵەتیەکان بگیرێت کەخۆی لەهەڵبژاردنی یەکسان دەبینێتەوە، نابێت لەکاتی دیاری کردنی بازنەکان هەوڵ بدرێت هیچ کۆمەڵە خەڵکێك یان لایەنێك یان پاڵێوراوێك زیانی بەربکەوێت و دەنگەکانی کەم بێتەوە بەهۆی ئەو دابەشکردنەوە، یان ناوچەیەکی دیاری کراوبکرێتە ئامانجو زیانی بەربکەوێت.

دابەشکردن و دیاری کردنی بازنەکانی هەڵبژاردن بە گشتی لە سەر دوو بنەما دەبێت کە یەکەمیان بریتییە لە پێوانەی ناوەند (معيار المتوسط) بەو واتایەی ژمارەی دانیشتوانی هەربازنەیەك هاوشێوەی یان یان نزیك بێت لە یەکتری. دووەمیشیان بریتیە لە قەبارەی ژمارەی ئەو کورسیانەی کە بۆ هەربازنەیەك دیاری دەکرێت. مەبەستی سەرەکی لەم دوو بنەمایە بۆ دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن ئەوەیە، کە نوێنەرایەتی دەنگدەران بە شێوەیەکی یەکسان بێت بە شێوەیەك بەهایی هەر دەنگێك هەمان بایەخ و نرخی ژمارەی هەبێت لە هەموو بازنەکاندا. جا لێرەدا پێویستە بۆ ئەوەی دادپەروەری ئەنجامبدرێت پێویستە هەوڵبدرێت یان ژمارەی دانیشتوانی هەر بازنەیەك یەکسان بێت یان دەبێت دابەشکردنی کورسیەکان لە نێوان بازنەکان بە شێوەیەکی هاوکێشەیی ڕێك و پێك بێت بە گوێرەی قەبارە و چڕی دانیشتوان گونجاوبێت.

بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین مەبەست لە بازنەی هەڵبژاردن ئەو ناوچە جوگرافیەیانەن بۆ مەبەستی هەڵبژاردن سنورەکەی دیاریدەکرێت، کە ژمارەیەکی دیاریکراو دەنگدەری هەیەو کورسییەك یان چەند کورسییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ ئەنجومەنە هەڵبژاێردراوەکان، ڕوبەرو ژمارەی کورسییەکانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن بە پێی سیستمی هەڵبژاردنی دەوڵەتان و بنەما یاساییەکانی دابەشکردنی کورسییەکان دەگۆڕێت.

**ئەو پێوەرانەی بازنەکانی هەڵبژاردن دیاریدەکەن بریتین لە:**

١- **پێوەری دەستوریو قانونی:** واتا بە پێی دەستور یان یاساکانی هەڵبژاردن، قەبارەی بازنەی هەڵبژاردنو ژمارەی کورسییەکانی دیاریدەکرێت.

٢- **پێوەری کارگێڕی:** واتە لەبەرچاوگرتنی یەکەی کارگێڕی بۆدەستنیشانکردنی سنوری بازنەی هەڵبژاردن، ئیتر ئەو سنورە شارەوانی شار بێت یان سنوری یەکەی کارگێڕی.

٣-**پێوەری دانیشتوان:** قەبارەی دانیشتوان یەکێکە لە گرنگترین پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی سنوری بازنەی هەڵبژاردن، چونکە هەرئەندامێکی پارلەمان نوێنەرایەتی ژمارەیەکی دیاریکراوی دانیشتوان دەکات، زۆر جار ژمارەی کورسییەکانی بازنەیەکی هەڵبژاردن هاوسەنگە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانەکەی.

دیاریکردنی سنووری بازنەکانی هەڵبژاردن و ژمارەی کورسییەکانی هەربازنەیەك لەسەر بنەمای ژمارەی دەنگدەرانی بازنەکان لە گرنگترین ئەو گرفتانەن کەدێنە ڕێی یاساو سیستمەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن تایبەت بەیاسای هەڵبژاردنەکانو بەهێزترین فاکتەری کاریگەر لەسەرئەنجامەکانی دەزانن، چونکە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر قەبارەو ڕێژەی دەنگی لایەنە ڕکابەرەکان، لەوێشەوە بۆ سەر ژمارەی کورسییەکانو سەنگو قورسایی سیاسی هێزەکانی گۆڕەپانی سیاسی.

لەکاتی داڕشتنو نەخشەکێشانی سنوری بازنەکانی هەڵبژاردندا، کەزۆرجار لەماوەی ٥ بۆ ١٠ ساڵدا جارێك ئەنجامدەدرێت، دەستکاری سنوری بازنەکانی هەڵبژاردن دەکرێت، بەشێوەیەك کەدەنگەکانی هێزی بە ئامانجکراو پەرت بکرێتو لەبازنە هاوسنورەکان نەگاتە ئاستی بردنەوەی کورسی. لەبەرامبەردا لایەنەکەی تر کورسیەکە بەجیاوازیەکی کەم بباتەوە، لەکاتێکدا پارتی بە ئامانجکراو، لە چەندبازنەیەکی کەمداو بە جیاوازی دەنگێکی زۆر، کورسی ئەو چەندبازنەیە دەباتەوە.

سیستەمی هەڵبژاردنی تورکیا سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەییە و لەم سیستەمەشدا لیستی نیمچە کراوە بەکاردەهێنرێت، دەنگدەر دەتوانێت دوو دەنگبدات دەنگێکیان بۆ لیستەکە و دەنگەکەی تریان بۆ کاندیدی لیستەکەیە، لەم سیستەمەدا وڵات دابەشدەکرێت بۆ چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن و هەر بازنەیەك زیاتر لەکورسیەکی بۆ تەرخاندەکرێت بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی ئەو بازنەیە.

بەر لەدیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن لەتورکیا ئەوا بەهای هەرکورسیەك بەرامبەر بە بەدەستهێنانی دەنگی پێویست و بەگوێرەی سەرژمێری دیاریدەکریت، هەرپاریزگایەکیش ١٨ کورسی بەرکەویت لەپەرلەماندا واتا ١٨ نوینەری بۆ دیاریبکریت ئەوە بەگویرەی هەردوو هەلبژاردنی ٢٠١١ و٢٠١٥ بە بازنەیەکی هەڵبژاردن ئەژمار کراوە، هەر پاریزگایەکیش لە١٩ نوینەر(کورسی)تا ٣٥ کورسی بەرکەوێت دەکریت بە دوبازنەوە لەسەروی ٣٦ کورسیش دەکریت بە ٣ بازنە هەروەك شارەکانی ئەنقەرەو ئەستەنبۆل.

ئەگەر سەرنج بدەینە خشتەی (٦- ٧) بۆمان دەردەکەوێت وڵاتی تورکیا لە ٨١ پارێزگا پێکهاتووە، لەهەردوو هەڵبژاردنی (٢٠١١ و ٢٠١٥)دا پارێزگاکانی تورکیا دابەشکراون بەسەر ٨٥ هەرێم یاخود بازنەی هەڵبژاردندا، ژمارەی بازنەکان و کورسیەکانی هەریەك لە بازنەکان بەپێی ژمارەی دانیشتوانی ئەو پارێزگایە دیاری کراوە، بۆ نمونە پارێزگای ئیستەنبول سێ بازنەی هەڵبژاردنی بۆ دیاریکراوە و کۆی ژمارەی کورسیەکانی لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١١) بریتیبووە لە ٨٥ کورسی، بازنەی بایبورت کەمترین ژمارە کورسی هەبووە لەهەمان ساڵدا ئەویش تەنها ١ کورسی بووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١٥)دا ژمارەی کورسیەکانی ئەستەنبوڵ بووە بە ٨٨ کورسی و کورسیەکانی (بایبوت)یش بووە بە ٢کورسی، سەرەرایی ئەوەی (١٥) پارێزگای تر ژمارەی کورسیەکانیان لە ٢٠١٥ تەنها ٢ کورسیبووە.

خشتەی (٦)

دابەشبونی شارەکانی تورکیا بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن و ژمارەی کورسیەکانی هەڵبژاردن بۆ هەر بازنەیەك/ ٢٠١١

| بازنە | ژمارەی کورسی | بازنە | ژمارەی کورسی | بازنە | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەدەنە | ١٤ | بارتن | ٢ | دوزجە | ٣ |
| ئادیەمان | ٥ | باتمان | ٤ | ئێدرنێ | ٣ |
| ئافیۆن کرهسیار | ٥ | بایبورت | ١ | ئیلازێ | ٥ |
| ئارە | ٤ | بیلەجیك | ٢ | ئەرزنجان | ٢ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەکسەرای | ٣ | | بینگۆل | ٣ | ئەرزرۆم | ٦ |
| ئاماسیا | ٣ | | بیتلیس | ٣ | ئیسکی شهیر | ٦ |
| ئەنکەرە ١ | ١٧ | ٣١ | بۆلو | ٣ | گازی عەنتاب | ١٢ |
| ئەنکەرە ٢ | ١٤ | | بۆردور | ٣ | گێریسون | ٤ |
| ئەنتالیا | ١٤ | | بۆرسا | ١٨ | گومیش هان | ٢ |
| ئەردەهان | ٢ | | چەنکلێ | ٤ | هەکاری | ٣ |
| ئارتڤین | ٢ | | چانکرە | ٢ | ئیلر | ٢ |
| ئایلن | ٧ | | چۆرو | ٤ | ئیسپارتا | ٤ |
| بەلەکێسیر | ٨ | | دێنیزلی | ٧ | کاهرەمان | ٨ |
| یۆزگات | ٤ | | دیاربەکر | ١١ | یەلۆڤە | ٢ |
| وان | ٨ | | زۆنگولداك | ٥ | هەتای | ١٠ |
| ئەستەنبوڵ ١ | ٣٠ | ٨٥ | کرك کەلی | ٣ | ڕیزا | ٣ |
| ئەستەنبوڵ ٢ | ٢٥ | | کر شەهیر | ٢ | سەکاریا | ٧ |
| ئەستەنبوڵ ٣ | ٣٠ | | کۆجایلی | ١١ | ساماسون | ٩ |
| ئەزمیر ١ | ١٣ | ٢٦ | کۆنیا | ١٤ | شیرت | ٣ |
| ئەزمیر ٢ | ١٣ | | کۆتاهیا | ٥ | سینۆپ | ٢ |
| کارس | ٣ | | مەلاتیا | ٦ | سیڤاس | ٥ |
| کاستا مونو | ٣ | | مانیسا | ١٠ | شانلورفا | ١٢ |
| کەرەبوك | ٢ | | ماردین | ٦ | شرناخ | ٤ |
| کەرەمان | ٢ | | موله | ٦ | تێکردا | ٦ |
| کایسێر | ٩ | | مووش | ٤ | توکات | ٥ |
| کیلس | ٢ | | نیف شەهیر | ٣ | ترابزۆن | ٦ |
| کرك ئەرەلی | ٣ | | نیدا | ٣ | ئوسمانیا | ٤ |
| مێرسین | ١١ | | ئوردۆ | ٦ | ئوشاك | ٣ |
| تونجەلی | ٢ | | | | | |
| کۆی گشتی | ٥٥٠ کورسی | | | | | |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: http://www.sbeiy.com/Article-121

**خشتەی (٧)**

**دابەشبونی شارەکانی تورکیا بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن و ژمارەی کورسیەکانی هەڵبژاردن بۆ هەر بازنەیەك/ حوزیرانی٢٠١٥**

| بازنە | ژمارەی کورسی | بازنە | ژمارەی کورسی | بازنە | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەدەنە | ١٤ | بارتن | ٢ | دوزجە | ٣ |
| ئادیەمان | ٥ | باتمان | ٤ | ئێدرنێ | ٣ |
| ئافیۆن کرهسیار | ٥ | بایبورت | ٢ | ئیلازێ | ٤ |
| ئارە | ٤ | بیلەجیك | ٢ | ئەرزنجان | ٢ |
| ئەکسەرای | ٣ | بینگۆل | ٣ | ئەرزرۆم | ٦ |
| ئاماسیا | ٣ | بیتلیس | ٣ | ئیسکی شهیر | ٦ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەنکەرە ١ | ١٨ | ٣٢ | بۆلو | ٣ | گازی عەنتاب | ١٢ |
| ئەنکەرە ٢ | ١٤ | | بۆردور | ٣ | گێریسون | ٤ |
| ئەنتاليا | ١٤ | | بۆرسا | ١٨ | گومیش هان | ٢ |
| ئەردەهان | ٢ | | چەنكلێ | ٤ | هەكاری | ٣ |
| ئارتڤین | ٢ | | چانكرە | ٢ | ئیلر | ٢ |
| ئایلن | ٧ | | چۆرو | ٤ | ئیسپارتا | ٤ |
| بەلەكێسیر | ٨ | | دێنیزلی | ٧ | كاهرەمان | ٨ |
| یۆزگات | ٤ | | دیاربەكر | ١١ | یەلۆڤە | ٢ |
| وان | ٨ | | زۆنگوڵداك | ٥ | هەتای | ١٠ |
| ئەستەنبوڵ ١ | ٣١ | ٨٨ | كرك كەلی | ٣ | ڕیزا | ٣ |
| ئەستەنبوڵ ٢ | ٢٦ | | كر شەهیر | ٢ | سەكاریا | ٧ |
| ئەستەنبوڵ ٣ | ٣١ | | كۆجایلی | ١١ | ساماسون | ٩ |
| ئەزمیر ١ | ١٣ | ٢٦ | كۆنیا | ١٤ | شیرت | ٣ |
| ئەزمیر ٢ | ١٣ | | كۆتاهیا | ٤ | سینۆپ | ٢ |
| كارس | ٣ | | مەلاتیا | ٦ | سیڤاس | ٥ |
| كاستا مونو | ٣ | | مانیسا | ٩ | شانلورفا | ١٢ |
| كەرەبوك | ٢ | | ماردین | ٦ | شرناخ | ٤ |
| كەرەمان | ٢ | | موله | ٦ | تێكردا | ٦ |
| كایسێر | ٩ | | مووش | ٣ | توكات | ٥ |
| كیلس | ٢ | | نیف شەهیر | ٣ | ترابزۆن | ٦ |
| كرك ئەرەلی | ٣ | | نیدا | ٣ | ئوسمانیا | ٤ |
| مێرسین | ١١ | | ئوردۆ | ٥ | ئوشاك | ٣ |
| تونجەلی | ٢ | | | | | |
| كۆی گشتی | ٥٥٠ كورسی | | | | | |

سەرچاوە/ كاری توێژەران پشت بەست بە: http://www.sbeiy.com/Article-121 ، سەرچاوەی پێشوو.

**تەنها هەشت پارێزگا لەماوەی ساڵانی ٢٠١١ – ٢٠١٥ گۆڕان بەسەر ژمارەی كورسیەكان داهاتووە، واتا كورسیەكانیان كەم و زیادبوون، ئەوانیش پارێزگای ئەستەنبوڵ لە ٨٥ كورسیەوە بووە بە ٨٨ كورسی، ئەنكەرە لە ٣١ كورسیەوە بووە بە ٣٢ كورسی، (بایبورت)یش لە كورسیەكەوە كەكەمترین ژمارەی كورسیە، بەرزبۆتەوە بە ٢ كورسی، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژەیە پارێزگاكانی (ئیلازێ، كوتاهیا، مانیسا، موش و ئۆردوو) هەریەكەیان كورسیەكیان كەمردووە، بەجۆرێك ئیلازێ و كوتاهیا لە ٥ كورسیەوە بوون بە ٤ كورسی، مانیسا لە ١٠ كورسیەوە بووە بە ٩كورسی و موش كورسیەكانی لە٤ كورسیەوە كەمبۆتەوە بۆ ٤كورسی و ئۆردووش لە ٦ كورسیەوە ژمارەی كورسیەكانی دابەزیوە بۆ ٥ كورسی، خشتەی (٨).**

**خشتەی ژمارە(٨)**

**جیاوازی لە ژمارەی بازنەکانی هەڵبژارد لەهەڵبژاردنی ٢٠١١ وحوزەیرانی ٢٠١٥ دا لەهەندێ شارەکانی تورکیا**

<table>
<tr><th>بازنەی هەڵبژاردن</th><th colspan="2">٢٠١١</th><th colspan="2">٢٠١٥</th><th>جیاوازی</th></tr>
<tr><td>ئەنقەرە ١</td><td>١٦</td><td rowspan="2">٣١</td><td>١٨</td><td rowspan="2">٣٢</td><td>٢+</td></tr>
<tr><td>ئەنقەرە ٢</td><td>١٥</td><td>١٤</td><td>١-</td></tr>
<tr><td>بایبورت</td><td colspan="2">١</td><td colspan="2">٢</td><td>١+</td></tr>
<tr><td>ئێلەزیگ</td><td colspan="2">٥</td><td colspan="2">٤</td><td>١+</td></tr>
<tr><td>ئەستەنبول١</td><td>٢٧</td><td rowspan="3">٨٥</td><td>٢٦</td><td rowspan="3">٨٨</td><td>١-</td></tr>
<tr><td>ئەستەنبول٢</td><td>٢٨</td><td>٣١</td><td>٣+</td></tr>
<tr><td>ئەستەنبول٣</td><td>٣٠</td><td>٣١</td><td>١+</td></tr>
<tr><td>کوتاهیا</td><td colspan="2">٥</td><td colspan="2">٤</td><td>١-</td></tr>
<tr><td>مانیسا</td><td colspan="2">١٠</td><td colspan="2">٩</td><td>١-</td></tr>
<tr><td>موش</td><td colspan="2">٤</td><td colspan="2">٣</td><td>١-</td></tr>
<tr><td>ئۆرردوو</td><td colspan="2">٦</td><td colspan="2">٥</td><td>١-</td></tr>
</table>

(*) شارەکانی ئەنقەرەو ئەستەنبول و ئەزمیر لە هەردوهەڵبژاردندا زیاتر لە بازنەیەکیان پێکدەهێنا.

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: خشتەی (٦ - ٧).

## بەشی چوارەم: جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لە نێوان (٢٠١١ – ٧حوزەیرانی ٢٠١٥)(*) و پارتە بەشداربوو و براوەکانی پەرلەمان

### باسی یەکەم: جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لە نێوان (٢٠١١ – ٧حوزەیرانی ٢٠١٥)

هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠١١ تورکیا لە ٢٠١١/٦/١٢ ئەنجام درا کە تیایدا مافی بەشداربوان (٥٠,٣٣٩,٥٩٦)کەس بوو بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا (٤٣,٩١٢,١٧٠)کەس بەشداریکردو ڕێژەی بەشداریدنی دەنگدەران ٨٣,٢٣٪بوو، هەروەها دەنگی بەتاڵ (٩٣٩,٥٠٥) بووە.

هەڵبژاردنی حوزەیرانی ٢٠١٥ لە ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٧ ئەنجام درا بۆ پێشبرکی لەسەر بەدەستهێنانی (٥٥٠)کورسی پەرلەمانی ئەم پرۆسەیەش بەبەشداری (٤٧.٤٩٠.٥٤٦) دەنگدەر لەکۆی (٥٤.٨١٣.٣٧٥)دەنگدەر کەمافی دەنگدانیان هەبوو کە(٥٣,٧٦٥,٢٣١)دەنگدەریان لەناوخۆو (٢,٨٦٧,٦٥٨)لەدەرەوەی تورکیا مافی دەنگدانیا هەبوو، لەم ژمارە بەشداربوەش (٤٦,١٦١,٤٩٠)دەنگ بەدەنگی تواو دروست ئەژمارکراو (١,٣٤٩,٣٤٠)بەدەنگی هەڵە ئەژمارکراو دەنگەکانیان پوچەڵ کرایەوە.ڕێژەی بەشداربوان لەم هەلبژاردنە ٨٣,٩٢٪ کۆی گشتی دەنگدەران بوو، خشتەی (٩).

خشتەی (٩)

(*) لە ١ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا دوبارەکرایەوە، ئەمیش لەبەرئەوەی نەتوارنرا پارتەکان لەو ٤٥ ڕۆژەی لەبەردەمیان بوو حکومەت پێکبهێنن، بۆیە ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، سەرۆك کۆماری تورکیا دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی وڵاتەکەی ڕاسپارد بۆ دووبارەکردنەوە هەڵبژاردن، ئەوەبوو ١ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ دیاریکرا کە ٥٤ ملیۆن و ٤٩ هەزار و ٩٤٠ دەنگدەر ماف دەنگدانیان هەبوو، ئەوەبووە گۆڕانکاری بەسەر ژمارەی دەنگ و کورسی پارتە براوەکان هات، لەوانە: (AKP) ڕێژەی (٤٩.٤٪) و کە دەکاتە (٣١٦) کورسی، (CHP) ڕێژەی (٢٥.٤٪) و (١٣٤) کورسی، (MHP) ڕێژەی (١٢٪) و بووە بە (٤١) کورسی، (HDP) تاکە پارتی بەشداربووی کوردییە ئەم جارەش توانی ڕێژەی (١٠٪) تێپەڕێنێت، بەڵام ڕێژەی دەنگەکانی دابەزی و بووە (١٠.٧٪) کەدەکاتە (٥٩) کورسی. هەرچەندە ڕێژەی دەنگی (HDP) دابەزی بەڵام لەڕووی ڕیزبەندی کورسی بووە سێیەم پارت.

ژمارەی دەنگدەران و ڕێژەی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵانی ٢٠١١ و ٧حوزەیرانی٢٠١٥ پەرلەمانی تورکیا

| بەرواری هەڵبژاردن | مافی بەشداربوان | ژمارەی دەنگدەران | دەنگی بەتاڵ | ڕێژەی دەنگدان |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠١١/٦/١٢ | ٥٠,٣٣٩,٥٩٦ | ٤٣,٩١٢,١٧٠ | ٩٣٩,٥٠٥ | ٨٧.٢٣٪ |
| ٢٠١٥/٦/٧ | ٥٤.٨١٣.٣٧٥ | ٤٧.٤٩٠.٥٤٦ | ١.٣٣٠.٩٠٧ | ٪٨٦.٦٤ |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: http://www.sabah.com.tr/secim/2011-genel-secimleri/ و http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri

گەر بەراوردێك لەنیوان هەردو هەلبژاردن و براوەکانیان بکەین دەبینین لە ساڵی٢٠١١ پارتی دادو گەشەپیدانی تورکیای فەرمان ڕەوا AKP (٢١,٣٩٩,٠٨٢)دەنگی بەدەست هینابو کە دەکاتە ٤٩,٨٤٪ دەنگەکان بەم شێوەیەش ٣٢٧ کورسی پەرلەمانی هەبوو، هەرچی پارتی گەلی کۆماری بووCHP ئەوا(١١,١٥٥,٩٧٢)دەنگی بەدەست هینابوو کە دەیکردە ڕێژەی ٢٥,٩٨٪ دەنگەکان بەم شێوەیەش ببوە خاوەن ١٣٥ کورسی لە پەرلەمانی تورکیا،هەرچی پارتی نەتەوە پەرستی تورکیاشەMHP (٥,٥٨٥,٥١٣)ملیۆن دەنگی بەدەست هینابو کە دەیکردە ١٣,٠١٪ کۆی دەنگدەران بەم شیوەیە خاوەن ٥٣ کورسی بوو ، هەرچی کوردیش بوو لەژیر ناوی سەربەخۆکانی کورد چوبونە پیشبرکی و (٢,٨١٩,٩١٧)دەنگیان بەدەست هینابوو کە ٦,٥٧٪دەنگەکانی دەکردو تەنها ٣٥ کورسیان هەبوو، سەبارەت بە لایەنەکانی تری بەشداربوی هەلبژاردنەکە کە ریژەکەیان بە(١,٩٧٩,٥٣٤)دەنگ تەنها ٤,٦١٪کۆی گشتی پیك دەهینا بۆیە نەبوونە خاوەن هیچ کورسیەك.

لەهەڵبژاردن ساڵی ٢٠١٥دا دۆخەکە گۆرانکاری بەسەرداهات و مەرجەکانیش قورسترکران بە شێوەیەك هەر پارت و لایەنێك ڕێژەی دەنگەکانی نەگاتە ١٠٪ ئەوا بۆی نیە بەشداری پەرلەمان بکات .

ئەنجامەکانی ئەم هەلبژاردنە بە سەرکەوتنەکانی پارتی دیموکراتی گەلان هاوکیشەکەی گۆری کە بەم شێوەیەبوو:

پارتی دادو گەشەپیدانی تورکیای فەرمان ڕەوا AKP (١٨,٨٦٤,٨٦٤)دەنگی بەدەست هینا کە دەکاتە ٤٠,٨٧٪ دەنگەکان بەم شێوەیەش بوە خاوەن ٢٥٨کورسی پەرلەمانی ، هەرچی پارتی گەلی کۆماری بووCHP ئەوا(١١,٥١٨,٠٧٠)دەنگی بەدەست هینا کە دەکاتە ڕێژەی ٢٤,٩٥٪ دەنگەکان بەم شێوەیەش بون بە خاوەن ١٣٢ کورسی لە پەرلەمانی تورکیا،هەرچی پارتی نەتەوە پەرستی تورکیاشەMHP (٧,٥١٩,١٦٨)ملیۆن دەنگی بەدەست هینا کە دەکاتە ١٦,٢٩٪ کۆی دەنگدەران بەم شیوەیە خاوەن ٨٠ کورسی بوو ، هەرچی کوردیش بوو ئەمجارەیان لەژێر چەتری پارتی دیموکراتی گەلانHDP چوە پیشبرکی و (٦,٠٥٧,٥٠٦)دەنگیان بەدەست هینا کە دەکاتە ١٣,١٢٪دەنگەکان و ٨٠ کورسیان مسۆگەر کردو هاوکیشەکەیان گۆری، سەبارەت بە لایەنەکانی تری بەشداربوی هەلبژاردنەکە کە ریژەکەیان بە(٢,٢٠٠,٠٣١)دەنگ تەنها ٤,٧٧٪کۆی گشتی پیك دەهینا بۆیە نەبوونە خاوەن هیچ کورسیەك خشتەی (١٠)و شێوەی (٣).

**خشتەی (١٠)**

**ئەنجامی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠١١ و ٧حوزەیرانی ٢٠١٥ی تورکیا**

| پارتە براوەکان | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی سەدی ٪ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| پارتی داد و گەشەپێدان AKP | ٢١.٣٩٩.٠٨٢ | ٪٤٩.٨٣ | ٣٢٧ |
| پارتی گەلی کۆماری CHP | ١١.١٥٥.٩٧٢ | ٪٢٥.٩٨ | ١٣٥ |
| پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا MHP | ٥.٥٨٥.٥١٣ | ٪١٣.٠١ | ٥٣ |
| سەربەخۆکان (کورد) | ٢.٨١٩.٩١٧ | ٪٦.٥٧ | ٣٥ |
| لایەنەکانی تر | ١.٩٧٩.٥٣٤ | ٪٤.٦١ | ٠ |
| ئەنجامی هەڵبژاردنی ٢٠١٥ی پەرلەمانی تورکیا | | | |
| پارتی داد و گەشەپێدان AKP | ١٨,٨٦٤,٨٦٤ | ٪٤٠.٨٧ | ٢٥٨ |
| پارتی گەلی کۆماری CHP | ١١,٥١٨,٠٧٠ | ٪٢٤.٩٥ | ١٣٢ |
| پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا MHP | ٧,٥١٩,١٦٨ | ٪١٦.٢٩ | ٨٠ |
| پارتی دیموکراتی گەلان HDP | ٦,٠٥٧,٥٠٦ | ٪١٣.١٢ | ٨٠ |
| لایەنەکانی تر | ٢.٢٠٠.٠٣١ | ٪٤.٧٧ | ٠ |

سەرچاوە/ کاری توێژەران ئامادەکراوە پشت بەست بە: پاشکۆکانی ( ١ و ٢)

**شێوەی (٣)**

**ئەنجامی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠١١ و٧حوزەیرانی ٢٠١٥ی تورکیا**




سەرچاوە/ کاری توێژەران: پشت بەست بە خشتەی (١٠)

**خشتەی (١١)**

**ڕێژە و ژمارەی دەنگدانی ناوەوە دەرەوەی پارتە براوەکان تورکیا  لەهەڵبژاردنی ٧حوزەیرانی ٢٠١٥**

| پارت | پارتی داد و گەشەپێدان | پارتی گەلی کۆماری | پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا | پارتی دیموکراتی گەلان |
|---|---|---|---|---|
| دەنگدانی ناوەوەی بەژمارە | ١٨.٣٤٥.٤٣٢ | ١١.٣٣٨.٨٣٠ | ٧.٤٢٢.٨٣١ | ٥.٨٤٦.٢٥٥ |
| دەنگدانی ناوەوەی بەرێژە (٪) | ٪٤٠.٦٦ | ٪٢٥.١٣ | ٪١٦.٤٥ | ٪١٢.٩٦ |
| دەنگدانی دەرەوە دەرەوە بەژمارە | ٥١٩.٤٧٤ | ١٧٩.٢٧٧ | ٩٦.٣٧٧ | ٢١١.٢٩٩ |
| دەنگدانی دەرەوە دەرەوە بەرێژە (٪) | ٪٤٩.٨٨ | ٪١٧.٢١ | ٪٩.٢٥ | ٪٢٠.٢٩ |
| کۆی گشتی بەژمارە | ١٨.٨٦٤.٨٦٤ | ١١.٥١٨.٠٧٠ | ٧.٥١٩.١٦٨ | ٦.٠٥٧.٥٠٦ |
| کۆی گشتی بە ڕێژە (٪) | ٪٤٠.٨٧ | ٪٢٤.٩٥ | ٪١٦.٢٩ | ٪١٣.١٣ |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: پاشکۆکانی ( ١ و ٢) http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri

گەر بەراوردی هۆکارەکانی گۆرانکاری لە ڕێژەی دەنگەکان لە نێوان هەردوو هەڵبژاردندا بکەین دەبینین کە:

- بونی پێویستی بەدەستهێنانی ڕێژەی ١٠٪ وای لە پالێوراوانی کورد کرد کە لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠١١ بێ بەش بن بەهۆی دەستەبەر نەبوونی ئەم ڕێژە پێویستە بۆیە بە ناچاری دەنگی دەنگدەرانی کوردیش دواتر بەسەر پارتە براوەکانی ئەم هەڵبژاردنە دابەش کرایەوە ، بەڵام لەهەڵبژاردنی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ لیستی کورد نەک هەر لە١٠٪ بەڵکو لەمە زیاتریشی بەدەست هێناو بووە خاوەن ٨٠ کورسیش کە تارادەیەکی زۆر هاوکیشەکەی گۆڕی و ئەو تاک ڕەوی لە پێکهێنانی حکومەت لەلایەن پارتی دادو گەشەپیدانی لەناوبرد .

- دەنگەکانی پارتی دادو گەشەپیدان بەهۆکاری چەقبەستوی لە ئایدیۆلۆجیاو هەڵویستەکانی و نەخوێندنەوەی ئەوانی ترو باوڕ نەبوون بە فرە لایەنی ڕووی لە کەمی کرد.

- دەنگەکانی پارتی گەلی کۆماری CHP تارادەیەکی زۆر پارێزگاری لە ڕیژەی خۆی لەنێوان هەردوو هەڵبژاردندا کردوە، لەبەرامبەردە دەنگەکانی پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا١٣.٠١٪ بەرزبۆتەوە بۆ١٦.٢٩٪ لەهەڵبژاردنی ٢٠١٥ کەئەمەش بەمانای هەڵکشانی هەستی نەتەوە پەرستی لەم وڵاتە .

- لاواز بونی بنکەی جەماوەری لە ناوچە کوردنشینەکان هۆکاری سەرەکی سەرنەکەوتنی پارتی دادوگەشەپێدان بوو لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٥، ئەو لاوازبوونەش لەکەم بونەوەی بەرچاوی دەنگەکان دێت لە شارە کوردنیشنەکان.

نەخشەی (٢)

جوگرافیایی پارتە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠١١ ی تورکیا بەپێی پارێزگاو قەزاکان




سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: httpwww.dimpool.com201106122011-turkish-election-result

نەخشەی (٣)

جوگرافیایی پارتە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ ی تورکیا بەپێی پارێزگاو قەزاکان




سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri

## باسی دووەم: پارتە بەشداربوو و براوەکانی پەرلەمان

### یەکەم: پارتە بەشدارەکان

بەسەرنجدا لەخشتەی (١٢ - ١٣) دەردەکەوێت کە لەهەڵبژاردنی پەرلەکانی ساڵی ٢٠١١ دا (١٦) پارت بەڕەسمی بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەك زۆر بە کاندی سەربەخۆ واتا بەپێ ئەوەی لەپارتێك دابن بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە لەوانە ئەوکاتە کوردەکان توانیان ٣٥ کاندی سەربەخۆ بخەنە پەرلەمانەوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ ژمارەی پارتە بەشدەربووەکان بوو بە ٢١ پارت بەرزبۆیەوە کوردەکانیش هاوپەیمانیەکیان دروستکرد بەسەرکردایەتی (سەلاحدین دەمیرتاش) بەپارتێکی سەربەخۆ بەشداریانکرد بەناوی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)کە ٨٠ کورسیان بەدەست هینا.

خشتەی (١٢)

پارتە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی ٢٠١١ی پەرلەمانی تورکیا

| ژ | لۆگۆی پارت | کورتکراوەی پارت | ناوی پارت بەتورکی | ناوی پارت بە کوردی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | | AKP | ADALET VE KALKINMA PARTİSİ | پارتی دادو گەشەپێدان |
| ٢ | | CHP | CUMHURİYET HALK PARTİSİ | پارتی گەلی کۆماری |
| ٣ | | MHP | MİLLİYETÇİ HAREKET PARTİSİ | پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا |
| ٤ | | BAĞIMSIZ | BAĞIMSIZ | سەربەخۆ |
| ٥ | | SAADET | SAADET PARTİSİ | پارتی شادی |
| ٦ | | HAS PARTI | HALKIN SESİ PARTİSİ | پارتی دەنگی خەڵك |
| ٧ | | BBP | BÜYÜK BİRLİK PARTİSİ | پارتی یەکگرتووی گەورە |
| ٨ | | DSP | DEMOKRATİK SOL PARTİ | پارتی چەپی دیموکراسی |
| ٩ | | DP | DEMOKRAT PARTİ | پارتی دیموکرات |
| ١٠ | | HEPAR PARTİ | HEPAR | پارتی هیپەر |
| ١١ | | DYP | DOĞRU YOL PARTİSİ | پارتی ڕێگای ڕاست |
| ١٢ | | IDP | LİBERAL DEMOKRAT PARTİ | پارتی دیموکراتی لیبراڵی |
| ١٣ | | MİLLET | MİLLET PARTİSİ | پارتی نیشتمانی (نەتەوەیی) |
| ١٤ | | KP | TÜRKİYE KOMÜNİST PARTİ | حزبی شیوعی تورکیا |
| ١٥ | | MMP | MİLLİYETÇİ VE MUHAFAZAKAR PARTİ | پارتی پارێزگاری نەتەوەیی |
| ١٦ | | EMEP | EMEK PARTİSİ | پارتی هێزی کار |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە: پاشکۆکانی ( ١ )

لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠١١ دا (٥) پارت بەشداربوون کەلەهەڵبژاردنی ٧ی حوزەیرانی٢٠١٥ بەشدارییان نەکردەوە، ئەوانیش بریتیبوون لە پارتەکانی (دەنگی خەڵك، یەکگرتوویی گەورە، هیبەر، پارێزگاری نەتەوەیی و هێزی کار)، هەروەها ئەو پارتانە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٧ی حوزەیران زیادیانکرد ژمارەیان (٥) پارت بوون، بەڵام پارتە بەشداربووە جیاوازەکانی ٧ی حوزەیران ٢٠١٥ و بەراورد بە ٢٠١١ ژمارەیان (١٠) پارتە ئەوانیش پارتەکانی (دیموکراتی گەلان، وڵات"نیشتمان"، سەربەخۆی تورکیا، ئاشتەوای و چاکسازی و گەشەپێدان، گەلی ئازادوو، ماف و ئازادی، ئەنادۆڵ، ناوەند "چەق"، بێگانە و ڕاستی و دادگەری).

**خشتەی (١٣)**

**پارتە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی ٧ی حوزەیران ٢٠١٥ی پەرلەمانی تورکیا**

| ژ | لۆگۆی پارت | کورتکراوەی پارت | ناوی پارت بەتورکی | ناوی پارت بە کوردی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | | AKP | ADALET VE KALKINMA PARTİSİ | پارتی دادو گەشەپێدان |
| ٢ | | CHP | CUMHURİYET HALK PARTİSİ | پارتی گەلی کۆماری |
| ٣ | | MHP | MİLLİYETÇİ HAREKET PARTİSİ | پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا |
| ٤ | | HDP | HALKLARIN DEMOKRATİK PARTİSİ | پارتی دیموکراتی گەلان |
| ٥ | | SAADET | SAADET PARTİSİ | پارتی شادی |
| ٦ | | BAĞIMSIZ | BAĞIMSIZ | سەربەخۆ |
| ٧ | | VATAN PARTİSİ | VATAN PARTİSİ | پارتی وڵات (نیشتمان) |
| ٨ | | BTP | BAĞIMSIZ TÜRKİYE PARTİSİ | پارتی سەربەخۆی تورکیا |
| ٩ | | DSP | DEMOKRATİK SOL PARTİ | پارتی چەپی دیموکراسی |
| ١٠ | | DP | DEMOKRAT PARTİ | پارتی دیموکرات |
| ١١ | | TURK PARTİ | TOPLUMSAL UZLAŞMA REFORM VE KALKINMA PARTİSİ | پارتی ئاشتەوایی و چاکسازی و گەشەپێدان |
| ١٢ | | HKP | HALKIN KURTULUŞ PARTİSİ | پارتی گەلی ئازادبوو |
| ١٣ | | HAK-PAR | HAK VE ÖZGÜRLÜKLER PARTİSİ | پارتی ماف و ئازادی |
| ١٤ | | DYP | DOĞRU YOL PARTİSİ | پارتی ڕێگای ڕاست |
| ١٥ | | ANA-PART | ANADOLU PARTİSİ | پارتی ئەنادۆڵ |
| ١٦ | | IDP | LİBERAL DEMOKRAT PARTİ | پارتی دیموکراتی لیبراڵی |
| ١٧ | | MEP | TOPLAM AÇILAN SANDIK ORANI | پارتی ناوەند (چەق) |
| ١٨ | | MİLLET | MİLLET PARTİSİ | پارتی نیشتمانی (نەتەوەیی) |
| ١٩ | | KP | KOMÜNİST PARTİ | حزبی شیوعی |
| ٢٠ | | YURT-P | YURT PARTİSİ | پارتی بێگانە |

| ٢١ | | HAP | HAK VE ADALET PARTİSİ | پارتی ڕاستی و دادگەری |
|---|---|---|---|---|

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە: پاشکۆکانی ( ٢).

**دووەم: پارتە براوەکانی هەڵبژاردن**

پارتە براوە سەرەکیەکانی هەلبژاردنی ٧ی حوزەیران ٢٠١٥ پەرلەمانی تورکیا بریتین لە پارتی دادو گەشەپیدان( AKP)و پارتی گەلی کۆماری (CHP) و پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا(MHP )و پارتی دیموکراتی گەلان(HDP ) کەوا لەخوارەوە باسیان دەکەین:

**١- پارتی داد و گەشەپێدان ( (AKP:**

لەئابی ساڵی ٢٠٠١ (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان) سەرۆکی پێشووی شارەوانی ئەستەنبوڵ داوای مۆڵەتی دامەزراندنی بۆ پارتێك كرد بەناوی (پارتی دادو گەشەپێدان) دەستەی دامەزرێنەرانی (١٣) ژنی لەخۆگرتبوو (٤)یيان بالاپۆش بوون، لە نێویشیان گۆرانیبێژ و ئەكتەرو دكتۆر و مامۆستا هەبوون، سەرباری چەندین كەسایەتی پارتی فەزیلەت كەپێشتر كاری سیاسیان لێ قەدەغەكرابوو، لەگەڵ بەشێكی تر لەپارتە ناسیۆنالست و سێکیۆلاەکان، لە ١٤ ئابی ساڵی ٢٠٠١ لە ژێر ناونیشانی (كاركردن لەپێناو توركیا و كەمەنكێشكردنی چین و توێژەكانی توركیا)، دەستپێكی ئەم پارتە لەسەر مەزاری تەتاتورکەوە دەستپێكرد وەك ئاماژەیەك بەقبوڵكردنی سێكیولاریزم وەك بنەمای سیستەمی فەرمانڕەوایەتی، ئەردۆگان بەكۆی دەنگ وەك سەرۆكی پارتەكە هەڵبژێرا، پارتەكەیان كۆمەڵێك بنەمایان دیاریكرد بۆكاركردن لەوانە[١٦]:

- بنەمای كۆماری نێودەوڵەتی یەكگرتوو پشتبەستوو بە پرەنسیپەكانی دیموكراتی سێکیۆلار و دەوڵەتی مافە كۆمەڵایەتییەكان.
- بەدیهێنانی یەكسانی هەل بۆ هەمووان و دروستكردنی پەیوەندی باش لەگەڵ سەرجەم دەوڵەتان و هەستان بەگواستنەوەی موڵكداری لەكەرتی گشتیەوە بۆ كەرتی تایبەتی لەپێناو بەرژەوەندی وڵات.
- بنەمای زامنكردنی باج و كەمكردنەوەی، هەروەها دابەشكردنی بەشێوەیەك كە بگونجێت لەگەڵ بنیاتی كۆمەڵایەتی.
- جەختكردنەوە لەسەر ڕەتكردنەوەی هەموو جۆرەكانی توندوتیژیی و تیرۆرو ملكەچكردن لەلایەن پارتی دادو گەشەپێدانەوە.
- سەبارەت بەسێكیۆلاریزم سەرۆكی پارتەكە بەشێوەیەك ڕاڤەی كردووە كەخۆی دەبینێتەوە لەوەی دەوڵەت بێلایەن بێت بەرامبەر بەبیروڕاكان، بەم شێوەیەش زامنی دیموكراسیەت دەكات.
- ئەردۆگان جەختیكردەوە لەسەر پێویستی ئامادەكردنی دەستورێكی هاوچەرخ و گۆڕینی هەردوو یاسایی پارتە سیاسیەكان و هەڵبژاردنەكان بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ خواستەكانی سەردەم.

ئەم پارتە ئێستا دەسەلات دارەو لەهەڵبژاردنی٧ی حوزەیران ٢٠١٥ دا بووە خاوەنی ٢٥٨ كورسی پەرلەمانی، (٤٠.٨٧٪) دەنگەكانی هێنا، هەروەها لە (٥٦) پارێزگا زۆرینەی دەنگەكانی بەدەست هێنا. نەخشەی (٦).

(١٦) د.سەعد عبدولعەزیز مسلط، گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی لەتوركیا ١٩٤٦ – ٢٠١٢، و: بەرزان مەلا تەها، چ١، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٢٨-٢٣٠.

نەخشەی (٤)

ڕێژەی دەنگەکانی پارتی گەلی کۆماری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٧ی حوزەیران ٢٠١٥




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بە: http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri/ak-parti-secim-sonuclari

## ٢- پارتی گەلی کۆماری ( CHP):

پارتی گەلی کۆماری تورکیا، ئەم پارتە بە کۆنترین پارتەکانی تورکیا دادەندرێت کە ڕۆڵی لە دروست کردنی سیستەمی کۆماری و پەرلەمانی تورکیادا هەبووە، ئەم پارتە لە ٩ ی سیپتێمبەری ساڵی ١٩٢٣ لە سەر دەستی مصطفى کمال ئەتاتورك دامەزراوە، ئەم پارتە کۆتای بە دەسەلاتی خلافەتی ئیسلامی لە تورکیا داهێناو بڕیاری کەم کردنەوەی شوێنە ئاینیەکان و هەلگرتنی باڵا پۆشی لێکەوتەوە.

دوای کودەتای سەربازی ساڵی١٩٨٠ بڕیاری داخستنی ئەم پارتە دراوە بەلاّم لەساڵی ١٩٩٢ دیینیز بایکال دوبارە دەست بەکارەکانی کردەوە، ئەم پارتە پارتێکی چەپ ڕەوە و ڕکابەری پارتە ئیسلامیەکانە، لەهەڵبژاردنی٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا بووە خاوەنی ١٣٢ کورسی پەرلەمانی، (٢٤.٩٥٪) دەنگەکانی هێناو لە شەش پارێزگا زۆرینەی دەنگەکانی هێنا. نەخشەی (٥).

نەخشەی (٥)

ڕێژەی دەنگەکانی پارتی گەلی کۆماری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بە: http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri/chp-secim-sonuclari

### ٣- پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا ( MHP ):

ئەم پارتە بەدرێژە پێدەری بزووتنەوەی تورکیا دادەنریت، هەر لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە (ئەرسلان ترکش) سەرپەرشتی کردوە، ئەم پارتە دژی هەر چاکسازیەکی دەستووریە کە ماف بەکەمینەکانی تورکیا بدات، مێژووی ئەم پارتە دەگەڕێتەوە بۆ دوای چاکسازیەکانی ڕێگاپێدان بە پارتە جیاجیاکان لەسالی ١٩٤٦ کە بە دەستپێکی چوونە ناو کایەی سیاسی ئەم پارتە دادەنرێت، چونکە سەرەتا ئەندامانی لەناو پارتی گەل دابون تا سالی ١٩٦٣ ئەرسلان ترکش و هاورێکانی لە مەنفا گەڕانەوەو چوونە ناو پاتی گەلی کۆماری بەلاٌم دوای وەرگرتنی ئەرسلان ترکش بۆ سەرکردایەتی ئەم پارتەلە کۆنگرەی ساڵی١٩٦٩ناوەکەیان بەهۆکاری بۆچونە نەتەوایەتیەکانی گۆردرا بۆ پارتی بزوتنەوەی نەتەوەی، لەهەمان ساڵ بەشداریان لە هەڵبژاردنەکان کردو ٣٪ دەنگەکانی پەرلەمانی تورکیایان بەدەست هێنا، لەهەڵبژاردنی٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا بووە خاوەنی ٨٠ کورسی پەرلەمانی، (١٦.٢٩٪) دەنگەکانی هێناو تەنها لەپارێزگای (عوسمانیا) زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا. نەخشەی (٦).

نەخشەی (٦)

دەنگەکانی پارتی نەتەوە پەرستی توکیا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بە: http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri/mhp-secim-sonuclari

### ٤- پارتی دیموکراتی گەلان ( HDP ):

هەدەپە لە ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ دامەزراوە، لە ئەنجامی یەکگرتنی پارتی ئاشتی و دیموکراتی و ئەم پارت و گروپە چەپ و سۆسیالستخوازانە (Devrimci Sosyalist Sosyalist , Ezilenlerin Sosyalist Partisi ,İşçi Partisi , Sosyalist Yeniden Kuruluş Partisi,Demokrasi Yeşiller ve Sol Gelecek Partisi)خاوەنی فەرمی وەیبەشی ئەندام بووە لە ساڵی ٢٠١٤دا، باوەڕی بە سۆشیالزم و دیموکراتیك، ژینگە پارێزی و فیمینیزم و فرەیی هەیە.

ئەرتوغرول کورکچو پەرلەمانتاری ئێستای هەدەپ سەرۆکی پڕ شانازی پارتەکەیە، کەپێشرت لەگەڵ سەباحەت توجنەلی کچە پەرلەمانتاری بوێرو جەسور و قارەمانی زیندانەکان و کوردی عەلەوی پێکەوە هاوسەرۆکی پارتەکە بوون تا ٥ی حوزەیرانی ۲۰۱٤ , لە ٥ی تەموزی ۲۰۱٤ ەشەوە سەلاحەدین دەمیرتاش و خاتووە فیگەۆن کسەکداغ تورکێکی سۆسیالستخوازی شاری ئەدەنەیە هاوسەرۆکی پارتەکەن، کۆرکچو یەکێکە لە سیاسەمتەدارانی ناسراوی چەپی پارتەکە.

هۆکاری سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی گەلان لەهەلبژاردنەکانی٧ی حوزەیرانی ۲۰۱٥دا دەگەریتەوە بۆ کۆمەلیك هۆکار لەوانە:

- داعش و بەرخۆدانی کۆبانێ، چونکە ئەوەی کە زۆر کەوت لەسەر بنکەی جەماوەری پارتی دادوگەشەپێدان لەناوچە کورد نشینەکان، هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیا بو بەرامبەر بە ڕێکخرواى داعش و بەرخۆدانی کۆبانی و لێدوانەکانی (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) بوو کاتێك وتی هێزەکانی داعش و یەکینەکانی پاراستنی گەل(YPG) هیچ جیاوازییەکەیان لەگەڵ یەکدا نییە و هەردوکیان تیرۆریستن.

- لەلایەکی ترەوە بێ دەرەنجام بوونی لێکۆڵینەوە لە کوشتاری (ڕۆبۆسکی) پێشتر یەکێك لە هۆکارەکانی دەنگ دانی کورد لە باکوری کوردستانی بە پارتی دادوگشەپێدان بۆ ڕێگری کردن بو لە کوشتاری نارەوای کوردان بە دەستی سوپای تورکیا، ڕاستە بەهاتنی پارتی دادوگەشەپێدان گۆڕانێك بەسەر دۆخی کورد داهات لە باکور بەلآم کوشتنی ٦٢ هاولآتی کۆڵبەری کورد بە بیانوی ئەوەی کە سەر بە پارتی کرێکارنی کوردستانن و بێ دەرەنجام بونی لێکۆڵینەوەکان لە دوای تێپەڕبونی ٦ساڵ بەسەر ئەو ڕوداوە ویژدانی تەواوی کوردانی باکوری ئازادرا.

- سەبارەت بە دانوستانەکانی ئاشتی: پارتی دادوگەشەپێدان چەند هەفتە بەر لە هەلبژاردن و بە پێی نەخشەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو نیەتی وابوو کەلە تورکە نەتەوە پەرستەکان نزیك ببێتەوە لەسەر بنەمای ئەوە کە شتێك نییە بە ناوی پرسی کورد لە تورکیا بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە دانوستانەکانی ئاشتی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان.

- هەل و مەرجی ئابورییش هۆکارێکی تربوو چونکە لەکاتی بەدەسەلآت گەیشتنی پارتی دادوگەشەپێدان لە ساڵی ۲۰۰۲ئابوری تورکیا بە شێوەیەکی مامناوەند هەرسالە نزیك بە ٤٫٥٪ گەشەی کردووە و لە حاڵی حازردا تورکیا ٦٨٪ دەولەمەند ترە لەچاو سیانزە ساڵ لەمەوبەر، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا لەم چەند ساڵی دواییدا گەشەی ئابوری تورکیا وەك جاران نەبوە، نرخی گەشەی ئابوری توریکا گەیشتە ۲٫۹% و بە پێی پێشبینیەکانی سندوقی نێودەولەتی دراو ئەوژمارەیە لەم ساڵدا تەنها بە شێوەیەکی کەم زیاد ئەکات، هەروەها نرخی بێکاری کە سێ ساڵ لەمەوبەر لە ژێر ٨ %بو لە ساڵی ڕابوردودا ۲۰۱٤ گەیشتە ١۰ % شایانی باسە کە گەندەڵی دارایی وەزیرەکانی نزیك لە ئەردۆغان ڕۆڵی هەبو لە ناشرین کردنی سەرانی پارتی دادوگەشەپێدان.

- لەگەڵ ئەمانەشدا بانگەشەی سیستەمی سەرۆکایەتی: ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە کاتی هەڵمەتی هەلبژاردنەکان هەمیشە جەختی لە گۆڕینی سیستەمەی حومکڕانی ئەکرد لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە تەنها ٤۰ % دانیشتوانی تورکیا پشتیوانیان لەو هەوڵە دەکرد و تا دەهات ترسەکان زیادتر دەبوو لەوەی کە ئەگەر پارتی دادو گەشەپێدان بتوانێت بە زۆرینەی دەنگەکان حکومەت پێك بهێنێت پرۆسەی سیاسی لە تورکیا بەرەو ئەوە ئەڕوات کە تەواوی دەسەلآتەکان لە چنگی کەسێکدا کۆبکاتەوە.

نەخشەی (٧)

نەخشەی هەڵبژاردنی پارتی گەلی کۆماری لە٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥




سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست: http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri/hdp-secim-sonuclari

## بەشی پێنجەم: ئایندەی کورد لە تورکیا و پەرلەمانی تورکیا

تێگەیشتنمان لە مێژووی گەلانو توێژینەوە لە ململانێ نێودەوڵەتییەکان، ڕاستیەکی ڕۆشنمان بۆ دەسەلمێنن، ئەویش بوونی بۆشاییەکی ئابووری سیاسی کۆمەڵایەتییە لە ناوچەکانی ئەو ململانێیانەی جیهاندا یاخود بە بۆچوونێکی تر لەوێ دا نا چوونیەکییەك لەنێوان واقیعی ئەو گەلانە و نێوان خواست و ئاواتەکانی دواڕۆژیاندا، هەیە ئەمە هەمان مەسەلەیە لە سەر ڕەوشی کورد لە تورکیا، ئەو سیستەمە دەستوورییەی  کە تورکیای کردووە بە دەوڵەتی یاسا، دان بەبوونی نەتەوەیی کورد نانێت، دیموکراتییەتی تورکیش مافی ڕادەربڕین نادات بە پتر لە ٢٠ ملیۆن هاوڵاتی کورد لەم وڵاتەی تورکیا کەئەوە زیاتر لە ١٠ ساڵە هەوڵ دەدات ببێتە دەوڵەتێکی ئەوروپایی هاوچەرخ لە ڕێگەی چوونە ناو ئەنجومەنی ئەوروپی و لە چوارچێوەی یەکێتی ئەوروپیدا، هۆکاری ئەوەی تورکیای عیلمانی ودیموکراتی پەرلەمانی دان نانێت بە بوونی نەتەوەی کورد لەم وڵاتە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تورکیا نایەوێت فرەییەکەی بکاتە چەترێك بەسەر هاوڵاتییە کوردەکانی خۆی.

ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی جۆزێف کرافت، دەڵێت دوای دیدارەکەی لەگەڵ سەرۆکی تورکیا( کەنعان ئیڤرین )لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٦، ڕەشنووسی ئەم دیدارەی پێشانی کۆنە باڵیۆزێکی ئەوروپی لە ئەمریکا کە شارەزای هەموو کون و کەلێنێکی پرسی تورکیا بوو دا، بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆی لەمەڕ مەسەلەکە دەربڕێ، باڵیۆزەکە پێی وابوو تورك حەز ناکەن دان بنێن بە کەمایەتی جیاجیای وەك کورد و ئەرمەنی و ئایینزای جیاجیا لە نێوانیاندا هەن. چونکە چەختکردنیان لە سەر ئەو جیاوازییانە لە تورکیا بەمانای کردنەوەی ڕێگایە لە پێش کەرت و پەرتبوونی زێدەتر ...و ئەوانیش بواری ئەم کارە نادەن، تورکەکان هێشتا کەمێك لە هەستی داب و نەریتی ئەو ئیمپراتۆرییەتەیان لاماوە کە لە سەروبەندی عوسمانییەکاندا زاڵ بوو، هەرچۆنێك بێت ڕژێمەکانی تورکیا

**لەسەردەمی ئەتاتۆرکەوە، نایانەوێ دان بە بوونی نەتـەوەیی کەمایەتییـەکانی تـری دانیشـتووی تورکیـا بنـێن بـە تایبەت کوردو ئەرمەنییەکان، ئەگەرچی ڕەوشی کوردی تورکیا و خەباتی نەتـەوەییان، جیاوازییـان هەیـە لەگـەڵ ئەوەی تایبەت بە ئەرمەنییەکانە، لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە:**

**- بزوتنەوەی گەلی کورد لە تورکیا، داوای جۆرێك لە حوکمی نامەرکەزی ئیداری و پاشـان لـە دەسـتپێکی سـەدەی نۆزدەهەممەوە داوای ئۆتۆنۆمی (خودموختاری) کرد، ئەم داخوازییە تـەنها لـە دوای هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو بەرەو داوای سەربەخۆیی پەرەی سەند، ئەوەیش لەئاکامی ئەو سیاسەتە لەناوبردنەی هێزەکانی تـورك لـە دژیـان پیادەی کـرد، بـەڵام بزوتنـەوەی گـەلی ئەرمـەنی لـە دوای شـەڕی یەکـەمی جیهـانی و لـە دەرەنجامی بڕیارەکـانی کۆنگرەی لۆزان دەستپێکرد.**

**- بزوتنەوەی گەلی کورد لە ناو تورکیا و لە سەر خاکی باو باپیران و لەو شوێنانەوە بەهەموو ناوچـە جیاجیاکـانی شارەزایەو خەبات دەکات، بەپێچەوانەی بزوتنەوەی ئەرمەنییەکان دەیانـەوێ شـەڕی تـورك و بـەرژەوەندییـەکانی تورکیا لە دەرەوەی وڵات بکات، لە شوێنەی بەهەزاران میل لە نیشتمانی دایکەوە دوورن.**

**- بزوتنەوەی کورد لە تورکیا هەردوو کوردستانی عێـراق و ئێـران بەقووڵاییـە سـتراتیژی و شـەڕگەییەکەی خـۆی دەزانێ بە ڕادەیەك ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا تـا ئێسـتا وێـڕای هاوپـەیمانییان لەگـەڵ ڕژێمـە دراوسـێیەکانی تورکیا، نەیانتوانیوە ئەم قووڵاییـە سـتراتیژییە پڕبکەنـەوە، چونکە لەوێـدا کوردسـتان بـە هـەموو بەشـەکانیەوە یـەکێتی خـەباتی چارەنووسساز لەئارادایـە، بـەڵام دەبیـنین ئەرمەنییـەکان لـەم قوڵاییـە سـتراتیژی و خەباتـە چارەنووسسازەی نێـوان هەرسـێ بەشـەکەی ئـەرمینیا، بێبەشـن، چـونکە لـە نـاو خـاکی تورکیـا هـیچ بنکەیـەکی سەرەکییان نیە لێوەی درێژە بەخەباتیان بدەن.**

**- ئەو کەشە دیموکراتی و نیمچە فرەییەی لە تورکیا هەیە و داواکردنی ڕۆشنبیر و هزربینـی تـورك بـۆ پێویسـتی دانپێنانی بە بوونی نەتەوەیی گەلی کورد لە تورکیا، گوڕوتینێکی بەخشیوەتە بزوتنەوەی کورد بۆ بەردەوامبوون لە سەر خەبات لە پێناو دەستەبەرکردنی مافـەکانی، کەچـی ئەرمەنییـەکان لـەم پشـتگیرییە ناوخۆییـە بێبەشـن، ئـەوانیش وەکو کورد هاوسـۆزی ژمارەیـەك لـە دەوڵەتـەکانیان بـۆ لای خۆیـان ڕاکێشاوە و ژمارەیـەکیش لـەو دەوڵەتانـەی بەرژەوەندییـەکانیان لەگـەڵ ئـەم بزوتنەوانـە گونجاون، پشـتگیرییان دەکـەن، وەك پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان (پەکەکـە) بـەجۆرێك کەوتۆتـە بازنـەی خزمـەتکردنی بەرژەوەندییـەکانی ئـەمریکا، ئەمـەش لـەوە دەردەکـەوێت ئـەم پارتـە ڕایگەیانـدووە لەڕێگـەی پژاکەوە دەتـوانێ سـەقامگیری نـاو ئێـران تێـك بـدات، ئـەمریکا چەنـدین جار کۆمەکی پەکەکـەی کـردووە بـەو مەرجـەی بدرێتـە (پـژاك)، ئـەمریکا ئـەو کۆمەکـەی بـۆ دژایـەتی تورکیا پێشکەشی پەکەکـە نـەکردبوو، بـەڵام دەشـێ پەکەکـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـەکاری بهێنـێ، هەرچـەندە ئـەو کۆمەکـە دوای ڕێککـەوتنی هـەولگیری ئـەمریکا و تورکیـا ڕاگیـرا[١٧]. هـەروەها دوای سـەرهەڵدانی شـەڕی دەوڵـەتی ئیسلامی لەعێراق و شام (داعش) و بەشداریکردنی پەکەکە وەك پارتێکی دژ، هەم ڕاستەخۆ لەباشوری کوردستان و هەمیش لەڕێگـەی بـاڵێکی وەك یەپەگـەوە لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـەرەو پێشچوونی زیـاتر لـەنێوان ئـەوان و خۆرئاوا ڕوویدا.**

---

(١٧) دۆغۆ ئەرگیل، کورد و ئاشتی و تورکیا، و: سەلام یار ئەحمەد وەلی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی، ژمـارە ١، سـاڵی ٢١، سـلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٨٨.

بزوتنەوەی گەلی کورد لە تورکیا، هەوڵ دەدات پێوەندییەکانی لەگەڵ بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی گەورە لە لایەك و لەگەڵ بزوتنەوە پێشکەوتووخواز و دیموکراتییەکانی تورکیا لە لایەکی ترەوە پتەو بکات، سەرەڕای هاوکاریکردنی لەگەڵ هەموو بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی لە جیهاندا، ئەم بزوتنەوەیە توانی بایەخ و گرنگی پێدانی بزوتنەوە پێشکەوتووخوازەکانی تر لە ناوەوە و پشتگیری کوردی ناوچەکە و هاوسۆزی ناوەندە ئازادیخوازو دیموکراتییەکان لە جیهان دەستەبەر بکات، وەك ئەوەی لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ی تورکیا بینیمان چەندین پارت و ڕێکخراو کۆمەڵەو دەستە پشگیری هەدەپە (HDP)یان کرد لەوانە پارتی دەسەتداری یۆنان و بەشێك لەپارتەکانی باشوری کوردستان، جا لەکاتی بانگەشەکان بەشدار دەبوون یان بەنوسین و لێدوان پشتگیریان بۆ ئەم پارتە دەدەبڕی، بۆیە ئەو هێزە پێشکەوتووخواز و دیموکراتخوازانە گروپ گەلێکی فشاریان پێکهێناوە یاخود بوونەتە هێزی فشاری سیاسی( لۆبی )لە سەر تورکیا لەپێناو دانپێنان بە بوونی نەتەوەیی کورد لە تورکیا و هەروا دانپێنانیش بە مافی نەتەوەیی کەمایەتییەکانی تر، لەبەر هەموو ئەم فاکتەرانە تورکیا هەر لەزووەوە کەوتۆتە خۆی و ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٨٨ کۆمپانیای توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەشاری واشنتۆن بەناوی( دەستەی ڕێنماییکارانی نێونەتەوەیی )دامەزراند، بە ئامانجی نزیك خستنەوەی بیر و بۆچوونەکانی هەردوو حکوومەت.

بەشێوەیەك بڕیارەکان وابوون سوپا سالارەکان هەمیشە دوای تەنگژەکان ئەرکی سەرۆکی کۆمارییان گرتۆتە ئەستۆ، دابڕانی چارەنووسی نێوان هەردوو گەلی تورك و کورد لە دوای ساڵی ١٩٩٠ بەرەو دووچارەنووسی هاوتەریب گۆڕا، کاتێك حکوومەتی تورکیا ناچار بوو دان بنێت بەمومارەسەکردنی زمانی نەتەوەیی بۆ کوردی ئەم وڵاتە و دەیەها هەزار بەندکراوی کوردی لە گرتووخانەکانی حوکمی عورفی لە ناوچە کوردنشینەکە بەردا و حوکمی لەسێدارەدانیشی لە یاسای سزاکانی هەڵوەشاندەوە، بزوتنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستانیش لە لایەنی خۆیەوە داخوازییە نەتەوەییەکانی لە( سەربەخۆییبوون)ەوە سووك کردەوە بەرەو دانپێنان بەبوونی نەتەوەیی و ئۆتۆنۆمی، بگرە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسیش لە سەر ئەم داخوازییە ڕازی بوو ئەگەر پێویستبوو، تەنانەت (عەبدوڵا ئوجالان) سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانیش بانگهێشتی حکوومەتی تورکیای کرد بۆ دانوستان لەگەڵ بزوتنەوەکەی سەبارەت بە هەمان بابەت.

لەئێستادا هەلومەرجی نێودەوڵەتی و پێگەی تورکیا و پەرەسەندنی دیموکراتی لەم وڵاتە گۆڕانی بەسەرهاتووە، سەرەڕای ئارەزووی تورکیا بۆ بەئەندامبوونی لە ناو ئەنجومەنی ئەورووپی، ئەمانە هەموو وادەکەن خێراتر مافەکانی کورد لە چوارچێوەی تورکیا دەستەبەر بێت، وا دیارە ڕەوتی ڕووداوەکان لە تورکیا ڕووە و بەدیهاتنی پێشبینییەکەی (عەبدوڵا ئۆجالان)ە لەمەڕ کێشەی کورد بەم سیناریۆیە، دەڕوات: **سوپاسالار لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا جەخت دەکاتە سەرئەوەی کە سەرکردەکانی سوپا زۆر هەست بە نیگەرانی دەکەن، چونکە شەڕ لە دژی کورد هیچ دەرەنجامێکی ئەوتۆی وەدەستنەهێناوە،** بەڵام ئێمە پێم وایە کورد لە تورکیا بە هەموو مافەکانی خۆیان لە چوارچێوەی یەکێتی تورکیا شاد دەبن، چ بە دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانیان، یان بە ڕێگەی دامەزراندنی یەکێتییەکی فیدراڵ لە نێوان هەردوو نەتەوەی تورك و کورد وەکو فیدریالیزمی سویسری. بەمە بەشداری لەپەرەپێدانی دیموکراتی لە تورکیا دەکەن بەڕێگەی دامەزراوەدەستوورییەکانی وڵات و ئۆتۆنۆمییەکی نموونەیی بەدەست دێنن دەبێتە جێی سەرنجی هەموو کورد لە ناوچەکە و پاڵێش بە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەنێن دان بەمافی نەتەوەیی

**کورد بنێن لە ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینەدا، بەوە هاوکاری دەکەن لەپەرەسەندن و تەکانـدان بەبزووتنـەوەی گـەلی کورد بەگشتی بەرەو سەرکەوتنی زێدەتر لە پێناوی رزگاری و دیموکراتیدا.**

## ئـەنـجـام

**لەم لێکۆڵینەوەیە دوای تاوتوێکردنی بابەتەکانی، گەیشتین بەچەندین ئەنجامی زانستی کەبریتین لە:**

**١- ژمارەی دانیشتوانی تورکیا بەپێی ئامارەکان بەردەوام لـەزیاد بونـدایـە، بـەجۆرێك بـەپێی دوایـن ئامـاری سـاڵی ٢٠١٤ ژمارەی دانیشتوانی تورکیا (٧٧.٦٩٥.٩٠٤)کەس بووە، هاوتەریب بە بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان ژمـارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیشیان هەیە زیاد دەکات، بەپێی ئامارەکان تورکیای لەساڵی ٢٠١١دا بەڕێژەی (٦٦.٦٪) و ساڵی ٢٠١٤ بەڕێژەی (٦٧.٧٪)کەس تەمەنیان لەسەروی ١٨ ساڵیدابوون، واتا مافی دەنگدانیان هەبوو.**

**٢- مێـژووی دەسـتپێکردنی هەڵبژاردنـە پەرلەمانیـەکانی تورکیـا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم، بەتایبەتی دوای ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ١٩٢٣/١٠/٢٩دا، یەکەم هەڵبژاردن لە بەرواری ٢٣نیسانی سـاڵی ١٩٢٠ ئەنجامـدرا، ئەمەلەکاتێکدا دوایـن هەڵبـژاردنیش لـە بـەرواری ١ی تشـرینی دووەمـی سـاڵی ٢٠١٥ ئەنجامـدرا، بـەم پێیەش (٢٦) خولی هەڵبژاردن گرێدراوە.**

**٣- لەبەر فراوانی ڕووبەری وڵاتی تورکیا و بۆئەوەی بتواندرێت پرۆسەی هەڵبژاردن کۆنترۆڵ بکرێت، لەهـەردوو هەڵبژاردنی (٢٠١١ و ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥)دا وڵات دابەشکرا بەسەر ٨٥ هەرێم یاخود بازنەی هەڵبژاردندا، ژمـارەی بازنەکان و کورسیەکانی هەریەك لە بازنەکان بەپێی ژمارەی دانیشتوانی ئەو پارێزگایە دیاری کراوە.**

**٤- لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١١ تورکیادا (٥٠,٣٣٩,٥٩٦)کەس مافی بەشداربوانیان هەبوو، بـوو بـەڵام لـەم هەڵبژاردنـەدا (٤٣,٩١٢,١٧٠)کەس بەشداریکردو ڕێژەی بەشداریدنی دەنگدەران ٨٣,٢٣٪بوو، هـەروەها هەڵبـژاردنی ٧ی حـوزەیرانی ٢٠١٥ ئـەم پرۆسـەیەش بەبەشـداری (٥٤.٨١٣.٣٧٥)دەنگـدەر کـەمافی دەنگـدانیان هـەبوو دەسـتی پێکـردوو تیایـدا (٤٧.٤٩٠.٥٤٦) دەنگدەر لەکۆی کە(٥٣,٧٦٥,٢٣١)دەنگدەریان لەناوخۆو (٢,٨٦٧,٦٥٨)لەدەرەوەی تورکیـا مـافی دەنگـدانیا هەبوو دەنگیاندا، بەڕێژەی ٨٣,٩٢٪ .**

**٥- لـە هەڵبـژاردنی ساڵی٢٠١١ پـارتی دادو گەشـەپیدانی AKP (٢١,٣٩٩,٠٨٢)دەنگـی بەدەسـت هێنـابوو کـە دەکاتـە ٤٩,٨٤٪ دەنگەکان بەم شێوەیەش ٣٢٧ کورسی پەرلەمانی هەبوو، بەڵام هەمان پارت لە هەڵبژاردنی ٢٠١٥دا ژمـارە و ڕێـژەی دەنگـەکانی دابـەزی بـۆ(١٨,٨٦٤,٨٦٤)دەنـگ، کـە دەکاتـە ٤٠,٨٧٪ دەنگـەکان بـەم شـێوەیەش بـوە خـاوەن ٢٥٨کورسی پەرلەمانی، واتا (٩٪)ی دەنگەکانی کەمیکرد، لەبەرامبـەردا کوردەکان لەهەڵبـژاردنی پەرلـەمانی ٢٠١١ تورکیا بەکاندیی سەربەخۆ بەشداربوون (٢,٨١٩,٩١٧)دەنگیان بەدەست هینابوو کە ٦,٥٧٪دەنگەکانی دەکـردو تـەنها ٣٥ کورسیان هەبوو، بەڵام هەرچی کوردیش بوو ئەمجارەیان لەژێر چەتری پارتی دیموکراتی گـەلانHDP چـووە پێشـبرکی و (٦,٠٥٧,٥٠٦)دەنگیـان بەدەسـت هێنـا کـە دەکاتـە ١٣,١٢٪دەنگـەکان و ٨٠ کورسـیان مسـۆگەر کـردو هاوکیشەکەیان گۆڕی.**

**٦- لەئێستادا هەلومەرجی نێودەوڵەتی و پێگەی تورکیا و پەرەسەندنی دیموکراتی لەم وڵاتە گۆڕانی بەسەرهاتووە، سەرەڕای ئارەزووی تورکیا بـۆ بەئەنـدامبوونی لـە نـاو ئەنجومـەنی ئـەوروپی، ئەمانـە هـەموو وادەکـەن خێراتـر مافەکانی کورد لە چوارچێوەی تورکیا دەستەبەر بێت، وا دیارە ڕەوتـی ڕووداوەکـان لـە تورکیـا ڕووە و بـەدیهاتنی پێشبینییەکەی (عەبدوڵا ئۆجالان)ە لەمەڕ کێشەی کورد.**

## ڕاســپاردە

پشت بەست بە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە چەند ڕاسپاردەیەك، بەمەبەستی زیاتر تێگەیشتن و شارەزابوون لە تورکیا و هەڵبژاردنەکانی ئەم وڵاتە چەند ڕاسپاردەیەك دەخەینەڕوو:

١- ژمارەی ئەو دەنگانەی کە پارتی دیموکراتی گەلان بەدەستی هێناوە بەراورد بەژمارەی کورد لە تورکیا زۆر کەمترە، بەڕێژەی زیاتر (١٠٪)، بۆیە پێویستە کوردەکان بەهەموو شێوەیەك هەوڵی ئەوە بدەن دەنگدەری کورد دەنگ بە پارتە کوردییەکان بدەن، ئەمە سەرەڕایی ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگی تورك پێکهاتەکانی تریش بدرێت، بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی خزمەتەوە ئەنجام دەدرێت.

٢- پارتی داد و گەشەپێدانی فەرمان ڕەوا ناتوانێت بەتەنها حکومەت پێکبهێنێت، بۆیە پێویستە پارتە براوەکان بەگشتی و هەدەپە بەتایبەتی ئەم هەلە بقۆزنەوە بۆ ئەوەی بۆ ڕێگری لە هەوڵەکانی ئەردۆکان بۆ بەسەرۆکایەتی کردنی سیستەمی حوکم تاکڕەوی و چارەسەری کێشەی کورد و فەراهەمکردنی مافەڕەواکانیان..هتد.

٣- حکومەتی ئەم خولە هاوپەیمانی یان بنکە فراوان دەبێت، هەربۆیەش پێویستە لەئەگەری بەشداری هەدەپە، پێویستە خومەتگوزاری زیاتر و پێویست بەرەو ناوچە و شارەکوردییەکان ببرێت و برەوی پێبدرێت.

٣- پێویستە هەدەپە لەڕێگەی دروستکردنی هاوپەیمانیەتی پەرلەمانیەوە هەوڵی هەڵوەشانەوەی یاسایی تێپەڕاندنی ڕێژەی (١٠٪) بدات، چونکە ئەم یاسایە هەمیشە ڕێگربووە لە چوونی کوردەکان بۆ پەرلەمان لەهەڵبژاردنەکانی پێشوو.

## پاشکۆی (١)

## ژمارەی کورسی و ڕێژە و ژمارەی دەنگی پارتە بەشداربووەکانی ٢٠١١ی پەلەمانی تورکیا

| پارتە بەشدارەکان | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| AK Parti | 21,465,541 | % 49.95 | 326 |
| CHP | 11,147,167 | % 25.94 | 135 |
| MHP | 5,576,611 | % 12.98 | 53 |
| BAĞIMSIZ | 2,825,952 | % 6.58 | 36 |
| SP | 535,507 | % 1.25 | |
| HAS | 327,230 | % 0.76 | |
| BBP | 315,901 | % 0.74 | |
| DP | 280,927 | % 0.65 | |
| HEPAR | 122,275 | % 0.28 | |
| DSP | 106,327 | % 0.25 | |
| DYP | 64,279 | % 0.15 | |
| TKP | 61,201 | % 0.14 | |
| MP | 59,814 | % 0.14 | |
| MMP | 36,901 | % 0.09 | |
| EMEP | 31,537 | % 0.07 | |
| LDP | 15,495 | % 0.04 | |

سەرچاوە/ http://www.sabah.com.tr/secim/2011-genel-secimleri/

## پاشکۆی (٢)

## ژمارەی کورسی و ڕێژە و ژمارەی دەنگی پارتە بەشداربووەکانی ٢٠١١ی پەلەمانی تورکیا

| پارتە بەشدارەکان | ژمارەی کورسی و ڕێژەی دەنگ | ڕێژەی دەنگی ناوخۆ | ڕێژەی دەنگی دەرەوە |
|---|---|---|---|
| AK PARTİ | %40,87 \| 258 | %40,66 | %49,88 |
| CHP | %24,95 \| 132 | %25,13 | %17,21 |
| MHP | %16,29 \| 80 | %16,45 | %9,25 |
| HDP | %13,12 \| 80 | %12,96 | %20,29 |
| SAADET | %2,06 | %2,07 | %1,59 |
| BAĞIMSIZ | %1,08 | %0,00 | %0,00 |
| VATAN PARTİSİ | %0,35 | %0,34 | %0,62 |
| BTP | %0,21 | %0,21 | %0,14 |
| DSP | %0,19 | %0,19 | %0,18 |
| DP | %0,16 | %0,17 | %0,05 |
| TURK PARTİ | %0,16 | %0,16 | %0,08 |
| KURTULUŞ PARTİSİ | %0,13 | %0,13 | %0,17 |
| HAK-PAR | %0,13 | %0,13 | %0,15 |
| DYP | %0,06 | %0,06 | %0,13 |
| ANA PARTİ | %0,06 | %0,06 | %0,06 |
| LDP | %0,06 | %0,06 | %0,04 |
| MEP | %0,05 | %0,05 | %0,03 |
| MİLLET | %0,04 | %0,04 | %0,02 |
| KP | %0,03 | %0,03 | %0,03 |
| YURT-P | %0,02 | %0,02 | %0,02 |
| HAP | %0,01 | %0,01 | %0,06 |
| DİĞER | %0,00 | %0,00 | %0,00 |

سەرچاوە/ http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri/

## پاشکۆی (٣)

### ڕێژەی دەنگی پارتە براوەکانی هەڵبژاردنی ٧حوزەیرانی ٢٠١٥ی پەرلەمانی تورکیا بەپێی شارەکان

| شارەکان | AK PARTİ | CHP | MHP | HDP | ئەوانی تر |
|---|---|---|---|---|---|
| İSTANBUL | %41,11 | %29,14 | %11,03 | %12,60 | %6,12 |
| ANKARA | %41,40 | %29,17 | %17,82 | %5,57 | %6,04 |
| İZMİR | %26,75 | %44,77 | %13,61 | %10,54 | %4,33 |
| ADANA | %30,40 | %28,56 | %23,08 | %14,56 | %3,40 |
| ADIYAMAN | %58,00 | %11,49 | %4,34 | %22,63 | %3,54 |
| AFYONKARAHİSAR | %52,30 | %16,75 | %25,08 | %1,48 | %4,39 |
| AĞRI | %16,60 | %1,38 | %2,72 | %76,91 | %2,39 |
| AKSARAY | %58,20 | %6,91 | %29,83 | %2,15 | %2,91 |
| AMASYA | %45,87 | %26,02 | %22,62 | %1,61 | %3,88 |
| ANTALYA | %35,28 | %32,48 | %21,69 | %7,24 | %3,31 |
| ARDAHAN | %26,76 | %22,09 | %7,84 | %30,15 | %13,16 |
| ARTVİN | %39,06 | %30,68 | %22,63 | %3,12 | %4,51 |
| AYDIN | %29,72 | %40,07 | %17,95 | %9,10 | %3,16 |
| BALIKESİR | %39,12 | %33,67 | %20,01 | %3,46 | %3,74 |
| BARTIN | %41,65 | %30,23 | %18,00 | %1,67 | %8,45 |
| BATMAN | %18,90 | %1,16 | %1,23 | %71,40 | %7,31 |
| BAYBURT | %60,03 | %2,79 | %31,50 | %1,52 | %4,16 |
| BİLECİK | %37,58 | %29,18 | %25,42 | %3,68 | %4,14 |
| BİNGÖL | %47,01 | %1,60 | %2,94 | %40,52 | %7,93 |
| BİTLİS | %31,36 | %1,70 | %4,03 | %59,46 | %3,45 |
| BOLU | %51,95 | %24,44 | %15,94 | %2,09 | %5,58 |
| BURDUR | %43,10 | %27,09 | %22,91 | %1,90 | %5,00 |
| BURSA | %43,99 | %27,71 | %17,49 | %5,85 | %4,96 |
| ÇANAKKALE | %34,56 | %39,04 | %19,77 | %3,07 | %3,56 |
| ÇANKIRI | %59,20 | %6,90 | %28,17 | %1,28 | %4,45 |
| ÇORUM | %54,28 | %22,28 | %17,63 | %2,27 | %3,54 |
| DENIZLİ | %39,78 | %34,76 | %18,14 | %4,18 | %3,14 |
| DİYARBAKIR | %14,80 | %1,31 | %1,24 | %77,73 | %4,92 |
| DÜZCE | %59,17 | %16,09 | %15,62 | %2,44 | %6,68 |
| EDİRNE | %24,77 | %52,94 | %15,62 | %3,05 | %3,62 |
| ELAZIĞ | %52,85 | %6,89 | %20,59 | %15,36 | %4,31 |
| ERZİNCAN | %49,22 | %25,34 | %16,53 | %5,85 | %3,06 |
| ERZURUM | %51,97 | %3,07 | %23,15 | %17,84 | %3,97 |
| ESKİŞEHİR | %36,24 | %38,81 | %16,67 | %3,96 | %4,32 |
| GAZİANTEP | %47,03 | %16,37 | %17,78 | %15,32 | %3,50 |
| GİRESUN | %53,46 | %21,91 | %18,33 | %1,43 | %4,87 |
| GÜMÜŞHANE | %56,76 | %5,36 | %30,94 | %1,94 | %5,00 |
| HAKKARİ | %9,71 | %1,38 | %2,65 | %84,91 | %1,35 |
| HATAY | %38,06 | %35,90 | %13,91 | %6,89 | %5,24 |
| IĞDIR | %11,73 | %3,90 | %26,68 | %55,92 | %1,77 |
| ISPARTA | %44,24 | %22,15 | %26,66 | %2,22 | %4,73 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| KAHRAMANMARAŞ | %60,79 | %8,69 | %19,70 | %5,49 | %5,33 |
| KARABÜK | %47,95 | %17,23 | %27,18 | %1,55 | %6,09 |
| KARAMAN | %55,40 | %15,55 | %22,50 | %1,63 | %4,92 |
| KARS | %27,17 | %12,08 | %13,92 | %43,46 | %3,37 |
| KASTAMONU | %48,72 | %18,60 | %26,83 | %1,11 | %4,74 |
| KAYSERİ | %52,35 | %12,54 | %27,39 | %2,72 | %5,00 |
| KIRIKKALE | %50,60 | %15,36 | %28,43 | %1,69 | %3,92 |
| KIRKLARELİ | %23,70 | %49,40 | %21,13 | %2,72 | %3,05 |
| KIRŞEHİR | %39,84 | %19,30 | %31,64 | %6,42 | %2,80 |
| KİLİS | %49,20 | %7,90 | %35,02 | %4,07 | %3,81 |
| KOCAELİ | %46,40 | %24,23 | %15,20 | %7,66 | %6,51 |
| KONYA | %65,09 | %9,91 | %16,26 | %4,53 | %4,21 |
| KÜTAHYA | %54,49 | %12,01 | %26,58 | %1,32 | %5,60 |
| MALATYA | %58,42 | %16,61 | %11,36 | %8,19 | %5,42 |
| MANİSA | %37,13 | %28,95 | %23,44 | %7,03 | %3,45 |
| MARDİN | %19,91 | %1,35 | %1,29 | %72,06 | %5,39 |
| MERSİN | %26,42 | %28,68 | %24,46 | %17,90 | %2,54 |
| MUĞLA | %26,93 | %45,12 | %18,67 | %5,45 | %3,83 |
| MUŞ | %24,86 | %1,46 | %2,03 | %70,18 | %1,47 |
| NEVŞEHİR | %52,40 | %14,98 | %27,30 | %1,82 | %3,50 |
| NİĞDE | %47,90 | %21,29 | %25,21 | %1,63 | %3,97 |
| ORDU | %52,93 | %28,24 | %12,84 | %1,26 | %4,73 |
| OSMANİYE | %39,10 | %13,42 | %40,36 | %4,21 | %2,91 |
| RİZE | %66,38 | %18,85 | %8,10 | %1,57 | %5,10 |
| SAKARYA | %56,50 | %15,89 | %19,20 | %2,98 | 31.739 |
| SAMSUN | %52,86 | %22,99 | %17,66 | %1,61 | %4,88 |
| SİİRT | %28,66 | %1,57 | %2,51 | %64,79 | %2,47 |
| SİNOP | %47,54 | %28,40 | %16,78 | %1,66 | %5,62 |
| SİVAS | %57,48 | %15,03 | %18,00 | %1,79 | %7,70 |
| ŞANLIURFA | %46,78 | %4,39 | %5,65 | %38,08 | %5,10 |
| ŞIRNAK | %9,72 | %1,32 | %2,54 | %83,89 | %2,53 |
| TEKİRDAĞ | %31,59 | %43,87 | %15,03 | %5,87 | %3,64 |
| TOKAT | %51,57 | %20,77 | %21,69 | %1,70 | %4,27 |
| TRABZON | %55,29 | %17,01 | %20,75 | %1,32 | %5,63 |
| TUNCELİ | %11,52 | %20,53 | %5,99 | %60,00 | %1,96 |
| UŞAK | %38,29 | %28,11 | %27,44 | %2,79 | %3,37 |
| VAN | %20,07 | %1,35 | %2,85 | %73,59 | %2,14 |
| YALOVA | %39,73 | %28,84 | %19,22 | %8,57 | %3,64 |
| YOZGAT | %58,12 | %9,20 | %27,48 | %1,39 | %3,81 |
| ZONGULDAK | %38,26 | %38,52 | %16,25 | %1,61 | %5,36 |

سەرچاوە/ http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri/

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ کوردییەکان

**أ/ کتێب:**


١- ئەحمەد، سامان حوسێن و د. بەختیار سەعید مەحمود، مێژووی هاوچەرخی تورکیا، چ ١، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٤.

٢- خۆشناو، عەباس، تورکیا نەبەرد لەپیناو مانەوەدا (دەستوری تورکیاو دەستکاری)، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣- مسلط، سەعد عبدولعەزیز، گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی لەتورکیا ١٩٤٦ – ٢٠١٢، و: بەرزان مەلا تەها، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣.


**ب/ گۆڤارەکان**


١- ئەرگیل، دۆغۆ، کورد و ئاشتی و تورکیا، و: سەلام یار ئەحمەد وەلی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ١، ساڵی ٢١، سلێمانی، ٢٠١٣.

٢- عزیز، ئارام علی، کۆرنۆلۆژیای کۆماری تورکیا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، دۆسی تورکیا، ژمارە١٥ ساڵی ٢٠٠٥.

٤- گەرمیانی، یونس، هەڵبژاردنەکانی تورکیا و سەرکەوتنی پارتی عەدالەت و پەرەپێدان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان - گۆڤاری سیاسەتی نێودەوڵەتان، ژمارە ٣، سلێمانی، ٢٠٠٣.


### دووەم/ عەرەبییەکان

**أ/ کتێب**


١- البرزنجی، سرهنگ حمید، انتخابات اقلیم کردستان العراق بین النظریة والتطبیق، ط١، مطبعة وزارة التربیة، اربیل، ٢٠٠٢.

٢- لخطیب، نعمان احمد، الموجیز فی النظم السیاسیة، ط١، دار الثقافة للنشر و التوزیع، عمان، ١٩٩٩.

٣- کرم، غازی، النظم السیاسیة والقانون الدستوری، دراسة مقارنة للنظام الدستوری فی دولة الامارات العربیة المتحدة، ط١، دار اثراء للنشر، عمان، ٢٠٠٨.

٤- الشاوي، منذر، الاقتراع السیاسي، مدیریة دار الکتب للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠٠١.

٥- عیدو سعد وعلی مقلد و عصام نعمة اسماعیل، النظم الانتخابیة، دراسة حول العلاقة بین النظام السیاسی والنظام الانتخابی، مرکز بیروت للابحاث والمعلومات، بیروت، لبنان.

٦- عبدالله، خاموش عمر، العلاقة بین الانتخابات والدیموقراتیة، ط١، مرکز بحوث العلاقات، اربیل، ٢٠٠٩.


**ب/ نامەی ماستەر**


١- الزبیدی، شاکر ظاهر فرحان، جغرافیة الانتخابات البرلمانیة فی العراق لعام ٢٠٠٥، دراسة جغرافیة سیاسیة، رسالة ماجستر غیر منشور، بغداد، ٢٠٠٧.


**ج/ گۆڤار**


١- شهاب، مجید حمید، محمد جواد شبع و اخرون، الجغرافیة الانتخابیة للاحزاب في ترکیا، مجلة کلیة السیاسة جامعة بابل، العدد ٢، ٢٠١٠.

**سێیەم/ ئینتەرنێت**

١- www.mapsofworld.com
٢- www.monroecollege.edu
٣- www.ulusalkanal.com.tr
٤- www.sbeiy.com
٥- www.tuik.gov.tr
٦- www.sabah.com
٧- ar.wikipedia.org
٨- www.adania.com.tr
٩- www.invest.gov.tr
١٠- www.dimpool.com

## پوختە

هەڵبژاردن دیاردەیەکی سیاسی خاوەن خاسیەت و سیفەتی شوێنە ( مکانیە)، لەکاتیکیدا زانستی جوگرافیا بایەخ بە جیاوازیەکانی شوین دەدات بۆیە لێکۆلینەوە لە بواری جوگرافیای هەلبژاردن وەك لقیکی گرینگی جوگرافیای سیاسی بایەخ و گرینگی تایبەتی خۆی هەیە ، چونکە هەڵبژاردنەکانن ڕۆلی سەرەکان دەبیت لە دیاریکردنی کاریگەری پارت و لایەن و دەسەلاتە سیاسیەکان لە سەر بەریوەبردنی یەکە رامیاریەکاندا دەبیت .
لەکاتێکدا هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا بە گرینگترین ڕوداوە کاریگەریەکانی خاوەن خاسیەتە کێبرکێکان دادەنرێت کە هاولاتیانی ئەم ولاتە زۆرترین بایەخی پێدەدەن، ئەم لێکۆلینەوە رونکردنەوەی پیویست دەخاتە روو سەبارەت بە رەهەندەکانی جیاوازی دەرئەنجامەکانی هەردوو هەڵبژاردنەکانی ساڵانی(٢٠١١ و٢٠١٥)پەرلەمانی تورکیا ئەمەش لە رێگای شێکردنەوەو ووردبونەوە لە جومگەکانی ئەم پرۆسەیە لە سیستەمی هەلبژاردن و دابەش بوونی بازنەکانی هەلبژاردن و کاریگەریە جوگرافیەکان لەسەر لیستە براوەکان و شیکردنەوەی ناوچەکانی پالپشتی هەر پارت و لایەنیك ووخستنە روی کاریگەری دەرئەنجامەکان لەسەر رەوشی ناوەخۆی تورکیا بەتایبەتی لەگەل کوردو ئاسۆی داهاتوی ئەم نەتەوەیەش لە ئایندەی تورکیادا خراوەتە روو.

## الملخص:

## (الجغرافية الأنتخابية لبرلمان تركيا ما بين عامين ٢٠١١ – ٧ حزيران ٢٠١٥)

**تعد الانتخابات ظاهرة سياسية ذات خاصية مكانية ، وبما ان الجغرافية تهتم بالتباينات المكانية لذا تعد جغرافية الانتخابات من الموضوعات الحيوية في مجال الجغرافية السياسية، هذا مادفع بالكثير من المختصين في هذا المجال بالقول بان دراسة مواضيع الانتخابات في الوقت الحالي بات من الظروريات الزمنية الملحة لما تظهره نتائج هذه الدراسات من تاثير على السلطة السياسية والايدولوجية والقانونية للوحدة السياسية.**

**ولكون الانتخابات البرلمانية التركية هي الاهم من حيث الطابع التنافسي بين الاحزاب والقوى السياسية واكثر جاذبية لاهتمام الناخبين جاءت هذه الدراسة لتوضيح ابعاد والفوارق النتائجية بين اعوام(٢٠١١ -٢٠١٥ )للانتخابات التركية وذلك من خلال التعمق في مفاصل تلك العملية من نظم الانتخابية وتوزيع الدوائر الانتخابية وتاثير العوامل الجغرافية الى تحليل القوائم الفائزة وتاثيره بالواقع التركي وخاصة الكوردى منها مستندا في ذلك على النتائج والتحاليل على الارقام والاحصاءات الرسمية الصادرة عن المفوضية العليا للانتخابات في تركيا.**



## Abstract

**(Geographical electoral Turkey's parliament two years between 2011 - June 7, 2015)**

Election is a political phenomenon that has spatial characteristic, meanwhile geography deals with spatial differences, so the study has a great importance in the field of geography of election as a vital branch in the geopolitical area, since elections always play key roles in giving power to political parties to manage and administrate the political and governmental units. Thus, a lot of experts in this field claim that doing research regarding elections at the present time is of the necessary at the present time.

While, the Turkish parliamentary elections are the most important events in terms of the competitive nature between parties and political forces as voters in Turkey take it into consideration. This study is to clarify the dimensions and different consequences of the (2011-2015) parliamentary elections in Turkey through analyzing and deeply studying the aspects of this process including electoral systems, the distribution of electoral districts and the impact of geographic factors on the winning parties and the areas where support specific political parties and showing the effects of the results on Turkey, particularly the Kurdish ones and the future of Kurds in Turkey, based on the results and analysis on official figures and statistics released by the Electoral Commission in Turkey.